# حیکایەت کردن یا نووسینی مێژوو

هەڵوێستێک لە سەر «نیو سەدە تێکۆشان»
نووسینی «عبدالله حسن زاده»

www.kerimhisami.com

کەریمی حسامی

ستۆکهۆڵم ١٩٩٥

# ...ـەدە تێکۆشان

ئاورێک لە رابردووی خە... و تێکۆشانی
حیزبی دیموکراتی کو...ستانی ئێران

...دالله حسن زاده

www.kerimhisami.com

# حیکایەت کردن یا نووسینی مێژوو

www.kerimhisami.com

پێشکێش بەوکسانە

کەحەقیقەتی مێژوودەنووسن وبەنووکی قەڵەم نایشێوێنن .

# حیکایەت کردن یا نووسینی مێژوو

هەڵوێستێک لە سەر «نیو سەدە تێکۆشان»

نووسینی «عبدالله حسن زادە»

کەریمی حسامی

ستۆکهۆلم ١٩٩٥

www.kerimhisami.com

لەبەرگی یێکەمی پێداچوونەوەدا ، دژواری وگیروگرفتی نووسینی مێژووم باسکردبوو. بەکورتی ئەوەم روونکردبۆوە کە هەر مێژوویێکی لەسەردەمی ژیانی دەسەلاتی پاشاومیروسەردار وسەرۆک حیزب وکوێخاوئاغادا نووسرابێ، بەشی هەرە زۆری پێ هەلاگوتن ومەرایی وسازکردنی درۆوریایی بوە. بەتایبەت ئەگەر ئەمیرێک ، خاوەن دەسەلاتێک سەرۆک حیزبێک بەمەبەستی وەدەست هێنانی پێگەو شوێنێک شتێکی بەناوی مێژوو نووسیبێ، قەڵەمی لەهیچ شتێکی ناراست نەگێڕاوەتەوە. دیارە بۆ ماوەیەک توانیویەتی هێندێ خەڵکی ساویلکەو بێ ئاگاو نەخوێندەوار فریو بدات، بەڵام ئەوە هەر بۆ ماوەیەک بوەو پاشان لە مێژوودا رەش کراوەتەوە. نموونەی ئاوا زۆرن وپێویست بە باسکردنیان ناکا.

لەکوردستانی ئێرانیش مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد،خەباتی قارەمانانە وفیداکاری خەڵکی زەحمەتکێش وچەوساوەو نیشتمانپەروەری کورد کە لە حیزبی دێموکراتدا رەنگی داوەتەوە، کەوتۆتە دەست کەسانێک کە لە لایێک لە رووداوەکانی مێژوویی ئەم حیزبە کەمتر ئاگادارن ولەلایەکی دیکەشەوە هەر وەک حیکایەتخوانی قەدیمی دیوەخان

www.kerimhisami.com

وقاوەخانان، بێ ئاماژە کردن و نیشاندانی سەنەدو بەڵگەی مێژوویی و شیکردنەوەی بارودۆخ وئاڵوگۆڕی کۆمەڵی کوردەواری، ویست وخەیاڵی خۆیان دێننە سەر لاپەڕی کاغەزوبەهۆی کەلک وەرگرتن لە ئیمکانات ودەسەلاتی حیزبایەتی بلاوی دەکەنەوە.

دوکتور قاسملوی شەهید لەسەرەتای نووسینەکەی خۆیدا (چل ساڵ خەبات) لەلاپەڕەی ٨)دا دەنووسێ: « **ئەگەر کوردێک بە تایبەتی ئەگەر ئەندامی حیزب بێت مێژووی حیزبی دێموکرات بنووسێ، بێگومان ئەو مەترسیەی تێدایە کەبێ لایەنی خۆی لە لێکدانەوەی رووداوەکاندا بەتەواوی نەپارێزێ.** » دوکتور قاسملوو دەبوایە لەگەڵ وشەی ( بێلایەنی )ئەوەشی لێ زیاد کردبایە کە تووشی سازکردنی درۆو هەڵبەستنی تۆمەت و بوختان وناراستیش دەبێ .

لەبواری باسکراوی سەرەوەدا تائێستا مێژووی حیزبی دێموکرات بە دوو ناوی جیاواز لە لایەن دوو سکرتێری حیزبی دێموکراتەوە، بێ ئەوەی گوێ بدەنە نووسراوەی سەرەوەی دوکتور قاسملوو بلاو کراونەوە.*

لە پێشدا بێ ئەوەی لە نرخی کارو زەحمەتی دوکتورقاسملووی شەهید کەم کەمەوە،یان خوا نەخواستەگومان ودردۆنگی بخەمە سەر زانایی ولێوەشاوەیی ناوبراو، بە پێویستی دەزانم هێندێ کەم وکوری نووسراوەی( چل ساڵ خەبات) بخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەرێز. پێویستی ئەم کارە لەبەر ئەوەیە، کوردستانی ئێمە تا ئێستاش لە دواکەوتوویی فەرهەنگی ونەخوێندەواریدا دەژی. پلەی وشیاری سیاسی و کولتوری زۆربەی نەتەوەکەمان لە رادەیەکی نزم دایە. فەرد پەرستی، مەرایی، ماستاو ساردکردنەوە،بێ پرنسیپی، خەسڵەتی بەرچاوی بەشی زۆری خەڵکەکەمانە. ئاشکرایە دیکتاتۆری وکەس پەرستی بە

* ١ــ چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادیدا. دوکتور قاسملو ٢ ــ نیو سەدە تێکۆشان. عبدالله حسن زادە.

زۆربه له ولاتانی دواکەوتوودا سەرهەڵدەدا. وتەو فەرمایشاتی کابرای رێبەر بۆ ئەندام ولایەنگرانی دەبێتە ئایەتی قورعان ونیتر بە مێشکیدا ناچێ کە لەوانەیە رێبەریش تووشی هەڵەو هەڵەنگوتنێک ببێ. هەر دوورنەچین لەم دووساڵەی دواییدا ئەو هەموو تاوان و جینایەتەی لە کوردستانی باشور و لە ژێر سەرکردایەتی دووحیزبی سەرەکی کوردستان ودەسەلاتی بەناو (حکومەتی کوردی) لەم بەشەی کوردستاندا کراوە، مێژووی کورد بەخۆیەوە نەدیوە. کەچی ئەندامانی ئەم دووحیزبە بە ویژدانی ئاسودەوە لە ئورووپا دیفاعیان لەو هەموو تاوانە کردوە. نموونەی دیکە : تووشی برایەکی پێشمەرگەی فیداکار ونەختە خوێندەوارێکی حیزبی دێموکرات بووم. زۆر سوپاسی دەکەم بە پێچەوانەی ئەوکەسانەی کە لە حیزبی دێموکرات دا تەنیا راست کردنەوەی جلی (تاژی) یان بەدەستە، فرە بەگەرمی وبە هەستێکی برایانە چاک وخۆشی کردو دەستمان کردبە قسان. گوتی: «کاک کەریم چل ساڵ خەباتی دۆکتور قاسملوت خوێندۆتەوە؟» گوتم بەڵێ خوێندوومەتەوە.. بەداخەوە هێندێ شوێنی لەگەڵ زانایی و ژیری دوکتور نایەتەوە. رەنگە لەبەر ئەوەش بێ هەر وەک خۆی نووسیویەتی. کتێبەکە لەچیا نووسراوە. دەستی وەبەڵگەو نووسراوەی خەڵک رانەگەیشتوە. هێندێ شتی تێدایە کە هەر وانیە. هێندێ شتی لەنووسراوەی بێگانان وەر گرتوە، ئیشارەی پێ نەکردوە وبە ناوی خۆی چەسپاندوویەتی. ئەوەش لەگەڵ کاری زانستی نایەتەوە و بە تایبەت لە دوکتور نەدەوەشایەوە. برادەری پێشمەرگە هەر وەک کۆلکە مەلایێکی کە هیچ لە ئیسلام ناگاو تەنیا بەشی نان لێ پەیدا کردنەکەی لێدەزانێ، گوتی :« کاک کەریم چۆن شتی وادەبێ ؟ چۆن دوکتور قاسملوو بەهەڵە شت دەنووسێ؟ »

دیتم جێگای دم بەدمەو ئیقناع کردن نیە. کابرا دەرویشە. هیچی دیکە نازانێ و هیچی تر فێر نەکراوە.

www.kermihisami.com

ئەوەندە هەیە دوکتورقاسملولە لاپەرەی هەشتی کتێبەکەیدا بە دڵێکی فراوانەوە دەنووسێ: «ئەم نووسینە ئەبێتە کۆسپی سەر رێگای لێکدانەوەی رەخنەگرانە لەمێژووی حیزبدا.» ئەم بۆ چوونە زۆر راستە. کەسانی دیکەش دەتوانن لە سەرمێژووی خەباتی گەلەکەیان بۆچوون وبیروڕای خۆیان رابگەیێن. جگە لەمە ئاخر ئەوە نیە ئێستا سەردەمی(پرێستروێکاو گلاسنۆستی) گۆر کراوە و ئیدیعاش دەکەن گۆیا دێموکراسی ودەربڕین ئازادی بیروڕاگەیوەتە نێو حیزبە کوردیەکانیش !. کەوابوو بۆ تێکۆشەرانی رێگای ئازادی و بەختەوەری گەلی کورد ئەو درفەتە پێکهاتوە( دیارە لەدەرەوەی ولات) کە بتوانن رەخنەی دۆستانەوداهێنەرانە بگرن و تۆزی پەردە لەسەر ناتەواویەکان لابەدەن ورایان نەگرن بۆ دوای ٧٠ساڵ جانەودەم خەڵک لێیان وەخۆ کەوێ وبیانشواتەوە. وەک ئێستا لە ولاتانی بەناو سۆسیالیستی پێشوودا رووی داوە. بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی لەئورووپا دەژین ولە چنگ (سانترالیزمی دێموکراتیک) رزگاریان بوە وترسی ئەوەشیان نەماوە کە نانیان ببرن و دەریان بکەن وئاخرەکەش ئەگەر دەستیان بیانگاتێ بیانکوژن هەر لەبەر ئەوەی گۆیادژی رێبەرایەتی زمانیان گەڕاوە. ئێستا تەنیا ئەوەندەیان لە دەست دێ وەک عبداللە حسن زادە درۆو بوختانیان بۆ هەڵبەستێ. ئەوەش لە کوردەواریدا ئەوەندە بۆتە باو وکاوێژ کراوەتەوە، بۆتە قوولەی پاش گورگی و کەس گوێی ناداتێ. دەورانی بوختان وچاو بەستەکی بەسەر چوە، بەڵگەو دوکومێنت راست ودرۆیان لێک دەکەنەوە.

با بێینەوە سەر رچەی باسەکەمان. بابزانین ئەم دوو نووسراوەی بەناوی مێژووی حیزبی دێموکرات نووسراون، چەندە لەگەڵ کاری زانستی وشێوەی مێژوو نووسین یەک دەگرنەوەو چەندە لە راستی نیزیکن؟ لەبەر ئەوەی لە بەرگی یێکەمی پێداچوونەوە دا منیش شتێکم لەسەر رووداوەکانی حیزبی دێموکرات نوسیوەو لەوێشدا باسی نووسینەکانی دکتوری شەهید هاتوونە

ـگۆڕێ، نامەوێ لێرەدا بە درێژی بچمەوە سەر ناتەواویەکانی نووسراوەی دوکتورقاسملو. تەنیابەکورتی دەمەوێ هێندێ هەڵەی زەق وبەرچاوی نووسراوەی چل ساڵ خەبات راست کەمەوە وپاشان بچمە سەر حیکایەتی ماموستا مەلا عەولای حەیباکی کە بۆتە (عبدالله حسن زادە)

پێش ئەوەی بێمە سەر باسەکە، با جارێ ئەم وتە بەنرخەی مێژوو نووسی بەناوبانگی ئێرانی، ئاغای سەعیدی نەفیسی بخەمە بەر چاوی خوێنەرانی بەرێز. « کەسێک ویا چەند کەس زۆر لەوە پچوکترو بێتواناترن کە بتوانن رووداوێک پێک بێنن ویا بیگۆڕن. رووداو ئەوان لەگەڵ خۆی دەبا، بەڵام ئەوان وادەزانن کە رێنوێنی ئەم رووداوەن. یا یەکێک بۆ مەرایی ودڵخۆشکردن هەوڵ دەدا بە رێنوێنی رووداویان دابنێ. زانایانی جیهان دەمار گیری یان لە مێژوو نووسیندا بە کارێکی دزێو داناوە..... هێندێ کەس بێ ئاقڵی هانی داون ولە نووسینی مێژوو پتر ویستوویانە یەکێک گەورە بکەن ویەک چکۆڵە کەنەوە. یەکێک بشۆنەوەو یەک بەد ناو بکەن. مێژوو شەریفترو بەرزترە لە ویەکە بەم دۆستایەتی و دوژمنایەتیانە ئالودە بکرێ. کاری لەوە دزێوتر نیە کە یەکێک بیەوێ حەق وحەقیقەت فریو بدا .» (١)

بەر لەهەر شت پێویستە دان بەوەدا بنێین کەنەک هەر تەنیا رێبەرانی حیزبی دێموکرات هەمیشە ویستوویانە لە ژێر ناوی پێشەوا قازی محەمەد وکۆماری کوردستاندا خۆشەویستی خەڵک بۆ لای خۆ رابکێشن، بەلکوو کەسانی ئەوتۆش هەبوون کە دژی حیزبی دێموکراتیش بوون و بەربەرەکانی حیزبی دێموکراتیشیان کردوە، بەڵام ویستوویانەخۆ بەناوی قازی محەمەدەوە هەڵاوەسن و لە ژێر ناوی پێشەوا دا جێ پێیەک لەنێو خەڵکدا بۆ خۆیان بدۆزنەوە.

بەرێزدوکتورقاسملو دەنووسێ: «لەبەسەر هاتی سەردەمی دامەزرانی حیزبی



www.kerimhisami.com

دێموکرات و پێکهاتنی کۆماری کوردستان کە بۆ خۆم شاهیدیان بووم... لە بەهاری ساڵی ١٣٣٢وە راستەو خۆ لەتێکۆشانی حیزبی دێموکرات دا بەشداریم کردوە. لە ئۆرگانەکانی بەرێوە بەریشدا مەسئولیەتم هەبوە، لە هەموو رووداوە گرنگەکانی ٣٢ساڵ مێژوویی حیزب لە نیزیکەوە ئاگادارم.» (٢)

بابزانین ئاگاداری دوکتور قاسملو لە دامەزرانی حیزبی دێموکرات وکۆماری کوردستان چەندە و چۆنیان باس دەکات.؟

١ ــ دوکتور ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٥ بە دامەزرانی حیزبی دێموکرات دادەنێ. ئەوە نیزیکەی ٤٠ساڵیشە لەم رۆژەدا یادی دامەزرانی حیزب دەکرێتەوە. بەلام گۆڤاری کوردستان، بلاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژمارە ١ی ٦ی دیسامبری ١٩٤٥خۆیدا لە ژێر سەر دێری( حیزبی دێموکراتی کوردستان) دا،دەنووسێ:« لەدوای ئەوەی لەهەوەڵی مانگی خەزەڵوەر (ابان)١٢٢٤( واتە ٢٣ی ئوکتۆبری١٩٤٥) حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەهاباد دان درا و بەیاننامەی خۆی بلاو کردەوە. لە رۆژی ١٣٢٤/٨/٢ هەوەڵین کۆنگرەی خۆی..... » بروانە ( پێداچوونەوە) بەرگی یێکەم - کەریمی حسامی

تۆبلێی ئەودەم دوکتورکە تەمەنی ١١ساڵ بوە، ئاگاداری لە گۆڤاری بلاو کەرەوەی بیری حیزبی دێموکرات زیاتربوو بێت .؟!

٢ ــ دوکتور قاسملوو بەرنامەی پەسند کراوی کۆنگرەی شەشەم(درۆشمە نەسلی وناماجە گشتیەکانی)بەوە دەزانێ کە(چل ساڵ پێش لەبەرنامەی یێکەمی حیزبی دێموکرات دا هاتبوون» (٣)

ئەم بۆچوونە ئەوە دەگەئێنێ تاکۆنگرەی شەشەم کە بۆتە سۆسیال دێموکرات، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبەر نامەی یێکەمی حیزبی دێموکرات لای داوە. راستی ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات هەردوای روخانی کوماری

کوردستان لە سەر بەرنامەو ڕێبازی حیزبی دێموکراتی سەردەمی قازی محەمەد زیندوو نەبۆتەوە. ئەوەش خۆی شتێکی سرشتی بوو.بارودۆخی ولات وجیهان گۆڕابوو. ئەسڵەن بەرنامەیەکی نەبوو. سەردەمێک بەشێک بوولە ڕێکخراوی حیزبی تودە ولە ژێر فەرمانی ڕاستەوخۆی ڕێبەرایەتی حیزبی تودەدابوو. دوکتۆر قاسملوی شەهیدیش دیاریی حیزبی تودەبوو، بۆ کوردستان نێردرا بوو. سەردەمێک دروشمی خودموختاری وەلانرابوو( یەکێتی ، سەربەخۆیی ،خەبات ودێموکراسی) دروشمی سەرەکی حیزب بوو. (٤)

پاشان لە زەمانی قازی محەمەد دا ناوی حیزب، حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. واتە کوردستانیی بیر دەکردەوە. بەلام ئێستا کراوەتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە( ئێرانی ئێرانی تریش ) بۆتە تەکیە کەلامی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

٣ ــ حیزبی دێموکراتی کوردستانی قازی محەمەد لە سەر بناغەی حەقیقەت ، عەدالەت ، تەمەدون دامەزراوە.(٥) بەلام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە( تیئۆری زانستی تکاملی کۆمەلایەتی ــ واتە مارکسیزم) پێڕەوی دەکات. ئامانجی نیهایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کاتێک( سۆسیالیزمی داد پەروەرانەیە، دەمێک بۆتە سۆسیالیزم، پاشانیش (واتە لەو کاتەوە بە تەواوی سەربەخۆ بوە) کراوەتە سۆسیال دێموکراسی. !

٤ ــ ساختومانی حیزبی دێموکراتی قازی محەمەد لەسەر بناغەی دێموکراسی وئازادی دانراوە.لەکاتێکا ساختومانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ( سانترالیزمی دێموکراتیکە ) کە ئامرازی سەرکوتکردنی دەربڕینی بیری جیاوازە بەدەست دەفتەری سیاسی حیزب ونمونەی ساختومانی حیزبە کۆمۆنیستەکان وداهێنانی لینینە

نیشان ونارمی حیزبی دێموکراتی قازی محەممەد وکۆماری کوردستان( دوو گوڵی گەنم وقەڵەم وچیاو رۆژە) ئێستا شتێکی دیکەی لەجێ دانراوە.

٥ ـــ دوکتور قاسملوی بەرێز ئەم هەموو ئاڵوگۆڕ وناتەباییانە دەخاتە پشت گوێ ودەنووسێ:« لە دامەزرانی حیزبەوە کە خەبات هەر درێژەی هەیە دروشمەکانی نەسڵی وناماںجە گشتیەکان هەر ئەوانەن کە چل ساڵ لەمەو پێش لەبەرنامەی یێکەمی حیزبی دێموکرات داهاتوون.» لێرەدا وەنەبێ رەخنە لەو ئاڵوگۆڕانە بگیرێ کە لە رەوەندی خەبات داپە سەرحیزبدا دێن و بە گوێرەی هەل ومەرجی رۆژ وبارودۆخی خەبات بەرنامەو دروشم وشێوەی تێکۆشان گۆڕانی بەسەر دادێت. لەرەوەندی خەبات دا ئەم ئاڵوگۆڕانە دەبێ هەبن. ئەوەی دەخرێتە بەرنەشتەری رەخنەی دۆستانە سەر پۆشکردنی واقعیتە کە ناگوترێ وئەندامانی حیزبی پێ گێژ دەکرێ. ٦ ـــ دکتور قاسملو لەباسی لێکدانەوەی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دەنووسێ :« بەندی یێکەم داوای خود موختاری دەکا لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا. ئەوە داخوازێکە کە ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆی تێدەکۆشێ. چونکە هەر لەسەرەتاوە حیزبی دێموکرات لەو بروایە داەوە کە مافی دانانی چارەنووس لەکوردستانی ئێران بەشێوەی خودموختاری جێبەجێ دەبێت کەواتەو نێوەرۆکی داخوازەکە مافی دانانی چارەنووسە بەلام شکڵی روخساری خود موختاری یە.» (٦)

پێویستە روونی کەینەوە کە لەهیچ بەڵگەیەکی حیزبی دێموکراتی قازی محەممەد دا، باسی (دانانی مافی چارە نووس) نەکراوە. بەلام لە دەیان جێگا لە رۆژنامەی کوردستان ولە وتاری پێشەواو رێبەرانی دیکەی کۆماری کوردستاندا باسی (ئیستیقلال وسەر بوخۆیی) هەیە. پاشان خودموختاری مافی دانانی چارە نووس نیە. دانانی خودموختاری لە جێگەی ( دانانی مافی چارە نووس) نەک هەر بۆچوونێکی راست وزانستی نیە، بەڵکوو بۆ سەر لێ

شێواندنی خەڵک وئەندامانی حیزب بەکاری دێنن. دوکتور قاسملو کاتێکی خۆی بەمارکسیست دادەنا، لە لاپەڕەی ۳۱۹ی کتێبی ( کوردستان وکورد) دا، لە قەولی لینینەوە تاریفی دانانی مافی چارە نووس ئاوا دەکات و دەنووسێ:« دیاری کردنی چارە نووسی نەتەوەکان یانی جیابوونەوەی سیاسی ئەو نەتەوانە و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوایەتی.»

۷ ــ دوکتور قاسملو دەنووسێ :« لە کوردستان ۲۶ی سەرماوەز دوانیشانەی دەسەلاتی حکومەتی مەرکەزی کە بریتی بوو لە شارەبانی مەهاباد لەنێو چوو.» (۷) لە کاتێکا هەموو نووسەرانی بێگانە و ئەوانی ئەودەم لەمەهاباد بوون، دەنووسن ودەزانن کە شارەوانی مەهاباد بەهاری ساڵی ۱۹٤۳ دوای وتاری عەزیزخانی کرمانج پەلامار درا، ۷پاسەوان کوژران عەولای مینە خاڵندیش شەهید بوو.(۸)

۸ ــ دوکتور قاسملو هەڵکردنی ئالای کوردستان وهاتنە سەر شانۆی تیاتری دایکی نیشتمان دەخاتە دوی دامەزرانی کۆماری کوردستان ودەنووسێ :«کارێکی سەمبولیک کە لەرۆژی دووی ڕێبەندان لەمەهاباد کراو لەپاشان لەشارو گوندەکانی دیکەی کوردستان دووپات کرایەوە هەڵکردنی ئالای کوردستانی بوو» (۹) لە کاتێکا زۆر ئاشکرایە کە ئالای کوردستان رۆژی ۱۷ی دیسامبری ۱۹٤٥ لەمەهاباد هەڵکرا. تیاترۆی دایکی نیشتمانیش لە مانگی مارسی ۱۹٤٥ هاتە سەر شانۆ، نەک دوای دامەزرانی کۆمار وەک دوکتور دەنووسێ.

۹ ــ دوکتور قاسملو دۆزینەوەی وشەی( پێشمەرگە) کە ماموستا هێمنی شاعیر گێڕاویەتەوەو لە ژمارە ۱ی رۆژنامەی کوردستانی ۱۹۷۱دا چاپکراوە، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ سەرچاوەکە بکا لە زمانی خۆیەوە دەیگێڕێتەوە.(۱۰)

۱۰ ــ دوکتور قاسملو نوکتەیەکی پێشەوا قازی لە بارەی( ئاغاو تاژی

ورەعیەتەوە) لە زمانی خۆی دەگێڕێتەوە کە پێشەوا بە جەعفەر باغزۆفی گوتوە. لەکاتێکا نیکلتۆن پێش نیزیکەی ٢٨ساڵ لە کتێبەکەی خویدا ئەم نوکتەیەی هێناوە. زۆرجێگای واهەن کەپێشتر نووسراون وگوتراون ودوکتورلەزمانی خۆیەوە دەیان نووسێ و(د) الیکین لە بن دادەنێ. ئەم جۆرە نووسینە بەتایبەت بۆ دوکتور قاسملوو ناتوانی لە نرخی زانستیی کتێبەکەی کەم نەکاتەوە.

بەراستی کاتێ چل ساڵ خەباتم دەخوێندەوە، کارەکەی ماموستا محەممەد رەسوڵ هاوارم لە نووسینی ( شێخ مەحمودی قارەمان) وا هاتەوە بیر . ماموستا رەسوڵ هاوارلەم کتێبەدا هەرشتێکی لەهەر کەسێک بیستبێ، بابەنووسینیش نەبێ وەک بەلگە، باسی کردوە وناوی ڕاوی هێناوە. کەچی من چوار پێنج خشتەکی فارسی شێخ مەحمودی نەمرم بە دە ستخەتی خۆم لەسەر داخوازی خۆی بۆناردوە. منیش ئەم شیعرانەم لە شێخەکانی غەوساباد وەگیرکەوتبوون. کەچی ماموستا هاوار شیعری یێکەمی بەغەڵەت چاپ کردوەو دەشنووسێ« من ئەو شیعرەم بەچەند شێوەیەک بیستوە کە ئەمەی خوارەوە دوو چوار خشتەکی ئەم شیعرەیە! (١١) جگە لەوە ماموستا هاوار پێنج خشتەکی کردۆتە چوار خشتەکی و یەکیشیانی هەر چاپ نەکردوە.کە شێخ محمود دەڵێ:

« من کە اولاد حوسێنم این مصیبت عار نیست
«کار بامولا بود بازمرەی کفار نیست
« داغ دل از کرد باشد بیم ازان غدار نیست
«حسرتا فردی چرا از قوم ما بیدار نیست
« ماکە این زحمت برای حفظ قران داشتیم»

١١ ــــ دوکتور قاسملو لەبارەی حەمەرشیدخانەوە دەنووسێ :«لەزەمانی کۆماری کوردستان یەکێک لەو چوار ئەفسەرە بووکە دەرەجەی ژەنراڵی وەر

گرت. بەڵام وادیارەلەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیزی لە عیراق هەر پێوەندی هەبوو. کاتێک ئەم پێوەندییە ئاشکرا بووکۆماری کوردستانی بەجێهێشت وگەراوە بۆ عیراق.» (١٢)

یێکەم دوکتور هیچ بەڵگەیەک نیشان ناداکە حەمە رەشیدخان ئەودەم لەگەڵ ئینگلیز پێوەندی بووبێ. دووەم ئەم بەڵگەو دوکومێنتانەی کە بەرێز ماموستا مەحمود مەلا عیزەت لە دوو بەرگدا بلاوی کردوونەوە، نیشانی دەدەن کە حەمە رەشیدخان تەواو بەکۆماری کوردستان وەفادار بوە، فێڵ وتەڵەکەی حکومەتی عەجەم وخەیانەتی هێندێ سەرۆک عەشیرەتی کورد باش تێگەیشتوە، تا روخانی کۆماری کوردستانیش فەرماندەی هێزی بۆکان ومەنتیقەی سەرا بوە:» (١٣)

١٢ ــ دوکتور مەسەلەی ئەو ئەفسەرەی کە ئەستێرەی لەپێشەوا وەرگرتوە لە نووسەری ئەم دێرانەی بیستوە. کابراش سەرۆک عەشیرەت نەبوە ، کاک هەمزەی گاگەشی بوە. داستانەکەش وانەبوە وەک دوکتور دەیگێرێتەوە و(د)الێکی( واتە دانەر) لەبن دادەنێ.(١٤)

دوکتور ئەم حیکایەتەی بۆ کادرەکانیش بە هەڵە گێراوەتەوە وئەوەی بە نیشانەی رەوتی عەشایری کۆماری کوردستان داناوە و لەپاشکۆی گۆڤاری تێکۆشەری ژمارە ٢٧ یشدا چاپ کراوە

کەم وکوری هێندێ لێکدانەوەی دوکتور قاسملوی شەهید لە کتێبی ( چل ساڵ خەبات)دا، لەسەر کۆمەڵەی ژ.ک و کۆماری کوردستان لە بەرگی یێکەمی پێداچوونەوەدا بە کورتی راست کراونەتەوە، لێرەدا پێویست ناکا دوو پات بکرێنەوە. دیارە بەهیچ جۆر ئەم رەخنەی دۆستانەو داهێنەرانە بەو مانایە نیەکە لە نرخی زانستی وزەحمەتی کاری دوکتور قاسملو کەم بکرێتەوە، یا گومان بخرێتە سەر خەباتی حیزبی دێموکرات وفیداکاری و لە خۆبوردوویی

www.kerimbisani.com

تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و ئەو زەحمەتکێشانەی لەریزی حیزب وبەناوی حیزبی دێموکرات لە پێناو ئازادی وبەختەوەری و نەهێشتنی چەوسانەوەو زوڵم وزۆردا گیانیان فیدا کردوە ویا ئاوارەو دەربەدەری هەندەران بوون. من لە بەرانبەر فیداکاری زەحمەتکێشانی کوردستاندا کە خۆم یەکێک لەوان بووم وباشتر لەهەر کەس هەست بەدەردو ئازاریان دەکەم هەمیشە سەری رێزو قەدرم دانواندوەودادەنوێنم. بەڵام وا ش نیە لەبەرانبەر ناراستی وهەڵە ولارێییدا زمان گرێدەم وقەڵەم بشکێنم. هەر وەک سەرانسەری ژیانم نیشانیداوە، هەمیشە دژی دیکتاتۆری وسەرەرۆیی وکۆنەپەرستی وفروفێڵ خەباتم کردوە وسەرم دانەنواندوە. لە نیشاندانی رێگای بەختەوەری بە زەحمەتکێشانی کورد، بە گوێری بۆچوون وتێگەیشتنی خۆم، هەرگیز دریخیم نەکردوە. هەر بۆیەش راست کردنەوەی ئەم وکوڕیانە لە نووسینی دوکتور قاسملوی شەهیدم بە ئەرکی خۆم داناوە.

## حیکایەتی نیو سەدە تێکۆشان

سەبارەت بەحیکایەتی ماموستا مەلا عەولای حەییاکی کەبۆتە( عبدالله حسن زادە ) بە ناوی ( نیو سەدە تێکۆشان) بێجگە لەو شوێنانەی کە راست نین و بۆ زانین و دەرخستنی راستی پێویستە روون بکرێنەوە، شتێکی دیکەی ئەوتۆی تێدا نیە کە بۆ باسکردن ببێ و لەباری زانستیشەوە نرخی مێژوویی نیە. چونکە هەمووی ئەورووداوانەی ماموستا باسی کردوون، یالە رۆژنامەکانی حیزبیدا نووسراون ویا لە بیرەوەریەکانی مندا روونتر وراستتر باسیان کراوە و ماموستاش بەناوی خۆی قالب کردوون. هەر چەند نووسەرانی

رۆژنامەی کوردستان لەژێر چاوەدێری سکرتێری گشتیدا ویستوویانە نووسینی ماموستا بەشتێکی مێژوویی بێوێنە بقەبلێن وبەشاخ وباڵی هەڵا بلێن هەروەک سوننەتی ئەو نووسەرانەیە. بەڵام لەراستیدا نیو سەدە تێکۆشانی ماموستا مەلا عەولا دەکەوێتە جەغزی ئەو چیرۆک وحیکایەت وسەرگوزەشتانە کە لە کۆنەوە لەکوردەواریدا باوبون ولە قون تەندور و بن کورسی و لە دیوەخانان گێراویانەتەوە ولە مێژوودا بە ئەفسانەو فۆلکلۆرو بەیتو باو لە قەڵەم دراون. روونکردنەوەی حیکایەتی ماموستا مەلاعەولاهەر بۆیە پێویستە تا ئەندامانی حیزبی دیموکرات بە دیدێکی ناوالەوە بروانئە رووداوەکان وبە یەک چاو مەسەلەکان چاو لێ نەکەن ونەبنە زەنگوڵە هەر لەملی خەڵکدا دەنگیان بێت.

دیارە مرۆڤ نابێ لەهەق بگوزەرێ ئەوەی لەسەتاسەد دەکرێ بەراست بزانرێ وتەمی گومان وردۆنگی لەسەر وەلا بچێ، هەر ئەوەیە کە ماموستا دانی پێدادەنێ و دەنووسێ: «لەوحەی مێشکم تۆزی لێ نیشتوە تووشی ژەنگ هەڵێنان بوە» (١٥)

بەڵام بەو حاڵەش سەبارەت بە خەسڵەتی( شۆرشگێری و راستگۆیی) وازی نەهێناوە، خۆی( بەدارو بەرد دادلوە ) تا شتێک ساخ کاتەوە. بەڵام چ ساخ کردنەوەیەک؟ ئەم شێوە ساخ کردنەوەیە کە هەر وەک بۆ خۆی دەفەرموێ: « ناوێنەی بیروبۆچوونی خۆیەتی و نیشاندەری بیرو لێکدانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان نیە.» بە هەڵکەوت ماموستا لێرەشدا بەسەر راستیدا کەوتوە. چونکە ئەگەر ئەم جۆرە حیکایەت وبەیت وباوانە ببنە بیرو بۆچوون و لێکدانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کومیتە ی ناوەندی دەبێ لەسەر گڵکۆی شین بگێرێ. جا بەتایبەتی ئەگەر لەلایەن سکرتێریشەوە بڵاو کرابێتەوە. لەلایێکی دیکە لەنێو میللەتانی پێشکەوتوودا کەسێکی مێشکی

www.kermanisami.com

تۆزی لێ نیشت و ژەنگی هێنا، دەیبەنە نەخۆشخانەی تایبەتی وعیلاجی دەکەن. بەڵام مامۆستا لە سەر ئەو حاڵەشەوە ئێستاکە خوای گەورە لە سزای (نوێژ وتاعەتی مەلایەتی)دا، بەزەیی پێدا هاتوەو کردوویەتە سکرتێری حیزبی دێمکراتی کوردستانی ئێران، ئەو هەموو زەحمەتەی بۆ دوو مەبەست و ئامانج خستۆتە سەر شانی خۆی وکاری ( شۆڕشگێڕی)حیزبیشی لە سەرچواندوە.

یێکەمیان وەک رۆژنامەی کوردستان لە ژمارە ٢٢٤ی نوتی١٩٩٥دەنووسێ ویستوویەتی: « **ڕاپەڕاندنی مەئموریەتە حیزبیەکانی لە نێو خۆو دەرەوەی حیزبدا** » نیشان بدا. دیارە ئەوەش بۆ سکرتێری تازە پێویستە تا بزانن کابرای بۆتە سکرتێر لە رابردوودا چەند مەئموریەتی گەورەی راپەڕاندوون. من لە ساڵی ١٩٧٠وە تا ساڵی ١٩٨٤ لە گەڵ مامۆستا لەحیزبی دێموکرات دابووم. ئاگام لە مەئموریەتە نهێنیەکانی نیە. بەڵام خواهەڵناگرێ ئاگام لە چوار مەئموریەتانی هەیە. یەکەمیان من وەک جێگری سکرتێر وبەرپرسی یێکەمی حیزبی دێموکرات لە عیراق، نامەیێکی باڵیۆزخانەی سۆفیێتی پێشووم پێدا نارد بۆ سەرۆک بارزانی ئەمر. هەر چەندە بەو مەئموریەتە پێ ئەسپاردنە سەری گەیاند بوە عاسمانێ، بەڵام پێوقەدەمی ئەوەندە بەخێر ئەبوو کە بەرهەمێکی هەبێ. مەئموریەتی دووەمی ئەوەبوو کە دووسێ جاران دوکتور قاسملوو دەینارده تاران و قوم بۆ دیتنی ئاخوندەکانی حکومەتی ئیسلامی. جارێک لەگەڵ برادەرێکی دیکە بەدوکتورمان گوت:هەموو جارێ هەر مامۆستا دەنێری بۆ تاران وقوم؟ یادی بەخێر بێ گوتی : ( مەلایە، مەلا زمانی مەلا دەزانێ، لەهەموو کەس بۆ ئەم کارە لەبارترە. شیعرە مەشهورەکەی فارسیشی خوێندەوە کە زۆر جاران دەخوێندەوە) وەک دەبینن مامۆستا خۆشی لە نووسینەکەیدا چەندجار بەو مەئموریەتە خۆ هەڵدەکێشێ. مەئموریەتی سێیەمی کە بەسەر کەوتنەوە ئەنجامی دا، سەفەری بەغداو وتوویژ لەگەڵ حکومەتی



www.kerimhisami.com

بەعس بوو. مەسەلە ئەوەیە کە دوای شەری سێ مانگە ودەست پێکردنی وتوویژ لە گەڵ حکومەتی ئێران، حکومەتی بەعس فشاری بۆ کاک حەمەدەمینی سیراجی کە نوێنەری حیزب بوو، هێنابوو کە هەیئەتێکی حیزب بچێتە بەغدا قسەیان لەگەڵ بکات. کۆمیتەی ناوەندی هەیئەتێکی لە کاک حەمەدەمین وکاک فەتاحی کاویان و کاک فەتاحێکی دیکە بە سەرۆکایەتی کەریمی حسامی پێک هێنا و روانەی بەغدای کرد. لەوێ هەیئەتی حکومەتی بەغدا بەسەرۆکایەتی مودیری موخابەراتی گشتی پێنج شەرتی بۆ یارمەتی وهاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکرات پێشنیار کرد. هەیئەتی حیزبی دێموکرات پاش بیستن ولێکدانەوەی پێشنیارەکانی حکومەت، قەبوڵ کردنی ئەو پێشنیارانەی بە نەهێشتنی سەربەخۆیی ونازادی بریار دانی حیزب وماڵ وێرانی خەڵکی کوردستان زانی. بۆیە نووسەری ئەم دێرانە بەناوی دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێشنیاری حکومەتی بەعسی لەئەوڵ تاناخیر رەت کردەوە.

بەڵام پاش ماوەیەک دوکتور قاسملوو ئەو مەئمووریەتەی بە بێ ئاگاداری کۆمیتەی ناوەندی بە ماموستا مەلاعەولا (یان عبدالله حسن زادە) ئەسپارد بوو. خوڵا هەڵناگرێ دیار بوو بە باشی ئەنجامی داوە. ئەو ٧ مادەیەی کە غەنی بلوریانی قور بەسەر ئێستاش لەدەستانی هەر هاواریەتی وبۆ ئەهێشتنی ئێورۆکەکەی بە شێوەیەکی ناشیانە و هەڵچوویی تووشی ئەم هەڵەیە بوو، ئەوەبەە کە ماموستا مەلا عبدالله لەگەڵ بەعس گرێی دابوو. ( بروانە بەرگی شەش و نۆیەمی لەبیرەوەریەکانم .بەرگی شەشەم ل.٢٥٢ و٢٥٣. بەرگی نۆیەم ل.١٩٤و٢٦٧و٢٦٨)

مەبەستی دووەمیشی بە خەیاڵی خۆی تۆڵە کردنەوەیە کە گۆیا وەک خۆی دەنووسێ، من بۆ بەدناو کردنی ئەو هەوڵم داوە.!



www.kerimhisami.com

پاش ئەم کورتە روونکردنەوەی مەئموریەتی ماموستا مەلاعەولا کە رۆژنامەی کوردستان باسی دەکا، بە کورتی و نێوە نێوە دێمە سەرباسی حیکایەتی ماموستا کە بە هەزار زەحمەت ساخی کردۆتەوە.

لە سەرەتاوە لەبارەی ئەو کۆبوونەوەیەی کە بەناهەق ناوی کۆنفرانسی پێکەمیان بەسەر دابڕیوە، فەرمایشتی ماموستا لە گەڵ نووسینی دوکتور قاسملووکە مێژووی ( کورتی رێبەرایەتی حزبی دێموکراتی) بە شێوەی خۆی بۆ کادرەکان گێراوەتەوە، یەک ناگرێتەوە. دوکتور دەنووسێ« کۆبوونەوەیەکمان پێکهێنا لە گوندی کەوتەر، کەپاشان ناومان ناکۆنفرانسی یێکەم. هەر چەند خۆشی بەشدار بوە، تاریخی کۆبوونەوەکە نانووسێ. بەڵام ماموستا مەلاعەولا کە ئێستا جێی دوکتوری شەهیدی گرتۆتەوەو ئەودەم راتبەی کۆ کردوونەوە، تاریخیشی بۆ ساز کردوە.. چونکە بیری ئەم دوو سکرتێرە هیچیان راستی تەواویان نەپێکاوە، خوێنەرانی بەرێز با بڕواننە بەرگی دووەمی پێداچوونەوە کە هیوادارم بەو زوانە بگاتە دەستیان.

ماموستا بە پەلە دێتە سەر دووبەرەکی نێوخۆی حیزبی دێموکرات ودەنووسێ:«تەوەری ئەو دوو بەرەکی یە وەک شەخس دوکتور قاسملوو لەلایەک واحمد توفیق(عبدالله اسحاقی) لەلایەکی دیکە بوون و لە باری سیاسییەوە ناکۆکی لەسەر بیروباوەری چەپ ودێموکرات و پێشکەوتنخوازانە کە دوکتور قاسملو لایەنگری بوو، لە گەڵ بیرێکی ناسیونالیستی بەرچاوتەنگانەبووکە کاک احمد توفیق بە سەمبولی دەژمێردرا.» (١٦) ماموستا وانیشان دەدا کە ئەودەم ئەندامی حیزب بوە. بەڵام نالێ لەم دوو بەرەکیەدا ئەوخۆی لایەنگری کام بیروباوەڕ بوەو دیفاعی لەکام خەت کردوە؟ دیارە دوکتور قاسملوو خەتی ماموستا دەردەخاو (کاک ئەمیری قازی و ماستا مەلاعەولا و هێمنی شاعیر وحەسەنی رەستگار)بە باڵی ناسیونالیستی

دادەنێ. (١٧)

ماموستا ئەوەشی لێ زیاد دەکاو دەنووسێ:« ئەودەم قاسملو لایەنگری سەر سەختی سەربەخۆیی سیاسی وسەربەخۆیی بریاردانی حیزب دێموکرات بوە.» یێکەم ئەودەم ماموستا تەشریفی لەنێو ئەم دوو بەرەکیەدا نەبوە. دووەم ماموستا نانووسێ کە دوکتور قاسملوو احمد توفیق(عبدالله اسحاقی) دەهاتە پراک کە بیخاتە داوی حیزبی تودەی ئێران و بەناوی حیزبی دێموکرات هەر وەک فیرقەی ئازەربایجان( یەکێتی تەشکیلاتی و سیاسی )پێک بێنێ. دوای ئەوە کە ٣ــ٤مانگ لە پراک دەیهێڵێتەوەو رێبەرانی حیزبی تودەشی پێ نیشان نادا و هەر خۆی رادەنش دەهینێ، ئیتر احمد توفیق ئاگر دەگرێ ودەردەپەرێ و دەگەرێتەوە بۆ کوردستان و ئیتر نەک هەر دژی قاسملو، بەڵکوودژی هەرچی ناوی پێشکەوتنخوازیشی لەسەر بێ دەست بەکار دەکات. ئەوانەی لەژیاندا تووشی دەمار گیری وبەرچاو تەنگی وخۆ بەکەم زانین دەبن، ئیتر ناتوانن لەسیاسەت وئەخلاق و هەلس وکەوتی کۆمەلایەتیدا دیاردەکان چۆن هەن ئاوا ببینن. ماموستا دەنووسێ :« قاسملو بەهاوکاری هێندێ لەدۆستانی بۆ ماوەی چەند ساڵێک رۆژنامەیەکیشی لەئوروپا دەردەکرد کە ناوی کوردستانی لەسەر دانابوو بەلام چونکە خۆی بەرێبەری حیزب دانەدەنا لە سەر رۆژنامەکەشی نەدەنووسی ئورگانی حیزبی دێموکرات ئەگەر چی لەراستیدا بیروباوەری حیزبی بلاو دەکردەوە.»( ١٨)

پرسیار ئەوەیە یانی مەلاعەولا نازانێ کێ بوون ئەو رۆژنامەیان دەردەکرد؟ راست ناکاو باش دەزانێ. یێکەم ئەو رۆژنامەیە قاسملوو دەری نەدەکرد. بەڵکوو رۆژنامەی کوردستان بەهاوکاری قاسملو، کاک حەسەنی قزلجی ،کەریمی حسامی و کاک محەممەدی موهتەدیش یارمەتی دەکردو دەشی نووسی وکوردیەکەی قاسملوشی جاروبار راست دەکردەوە لە بولغارستان ئامادە دەکراو

www.kerimhisami.com

له پراک چاپ دەکراو بلاو دەکرایەوە. دووەم رۆژنامە لەلایەن حیزبی تودەی ئێران و بەیارمەتی ئەو دەردەچوو، ئەردەشێسی ئاوانسیان کە ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی تودە بوو، کرابوو بە مەسئولی سیاسی رۆژنامەکە یەک وشەی کوردی نەدەزانی. قاسملو لەدەست ئەوە هاواری بوو کە دەبوایە بچێ ئێوەرۆکی وتارەکان بەفارسی بۆ ناوبراو باس بکات. ئێمە لە هەر ئەوەی رۆژنامەکە بیری کوردایەتی تارادەیێک بلاو بکاتەوە بەناچاری پێمان کارێکی باشبوو. ئەم (بوت) داتاشینە لە دوکتور قاسملوو، نەک هەر رێز گرتن نیە لەناوبراو، بەلکوو بەپێچەوانەیە. قاسملوو زیندوو بایە لەوانە بوولەم نووسینە ناراستیەی مەلاعەولا بێزی هەستابایە، ئەم تاریفەی ماموستا. شێعرێکی شێخی جامی وەبیر دێنێتەو کە دەفەرموێ:

**«کمال روح اعظم زین چه باشد ـــ بجزئم او این تحسین چه باشد»**

ماموستا دێتە سەر باسی کونگرەی دووەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بۆخۆی ئەودەم یەکێ لەدەرویش ولایەنگرانی احمد توفیق بوەو لە کونگرەی سێیەمیش دیفاعی لێدەکرد دەنووسێ:« بۆئەوەی تێ بگەین کونگرەی دووەم چەندە لە خەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوور کەوتبۆوە، رەنگە ئەوەندە بەسبێ کە بزانین لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەدا، ئەوەی ئیحترام وئیعتیباره بەکۆماری کوردستان ورێبەرەکانی رەوا نەبینرابوو.» (١٩)

لام وایە سکرتێری حیزب ئەگەر شتێک دەنووسێ، پێویستە لە باری سیاسی و لێکدانەوەی بابەتی مەسەلەکە شی بکاتەوە ، نەک هەر قسەی هەوای بێ ناوەرۆک. دەکرێ ماموستا روونی بکاتەوە( خەتی حیزبی دێمکرات پێش کۆنگرەی دووەم چ بوو؟ کام پێرەو وپرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەو کۆنفرانسێک خەت ورێبازی حیزبیان دیاریکردبوو تا کۆنگرەی دووەم لێی لادابێ.؟ باشە راست یاچەوت کۆنگرەی دووەم لە ژێر دروشمی( یێکێتی ،

خەبات ، سەربەخۆیی ، دێموکراسی ) بەستراوو پاشانیش ئەم دروشمە بوو بە خەت وڕێبازی لایەنگرانی کۆنگرەی دووەمی حیزب بە ماموستاشەوە. من سیاسەت و هەڵوێستی احمد دوفیقم بەراست وبەقازابجی حیزبی دێموکرات نەزانیوە، بەڵام لە لێکدانەوەی مەسەلەو ڕووداوەکاندا، ڕاستی وشیکردنەوەی بابەتی ئەرکێکی پێویستە. دەبوایە ماموستا خەت وڕێبازی حیزبی دێموکراتی پێش کۆنگرەی دووەم ڕوون بکاتەوە. ئەو بۆچوونەی ماموستا حسن زادە، نووسینەکەی دوکتور قاسملووش ڕەت دەکاتەوە کەدەنووسێ: « **چل ساڵە حیزبی دێموکرات هەر لەسەر بەرنامەی یێکمی حیزبدا خەبات دەکا** » ئەم بۆچوونە ڕاست نیە. ئەوەتا کۆنگرەی دووەمی حیزبی دێموکرات تا کۆنفرانسی سێیەم، لە کونفرانسی دووەمیشدا کە ماموستا خۆی بە یەکێ لە مەسئولەکانی دادەنێ، خەت وڕێبازی تایبەتی خۆی هەبوە کە ماموستا مەلاعەولاناوی ناوە ناسیونالیستی بەرچاو تەنگ. یان کومیتەی انقلابی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەویش خەت وڕێبازێکی تایبەتی بۆ خۆی دیاری کردوە. یان دوو برادەری ئەندامی حیزبی دێموکرات لە باکۆ ڕۆژنامەی کوردستانیان وەک ئۆرگانی حیزبی دێموکرات بلاو کردۆتەوە، ئەوانیش ڕێبازی خۆیان هەبوە. ئێرە جێگای شیکردنەوەی زانستی وبابەتی ئەم هەموو بگرەوبەردەیە نیە وهیوادارم لە بەرگی دووەمی ( پێداچوونەوە) دا، ئەندامانی حیزبی دێموکرات باشتر لە ڕووداوەکانی حیزبی خۆیان ئاگادار بکەم.

حیکایەتی ماموستا مەلاعەولاباشە تا ڕادەیێکی زۆرتەم وتاریکی لەسەر کوژرانی کاک صدیق ئەنجیری تێکۆشەر لادەبا. بەڵام بەو یئعتیبارەکە ماموستا حسن زادە لەگەڵ مەلا سەید ڕەشیدی هاواڵ وهاوبیر بوون وهەر تکیان بە بیستنی وشەی ( ئیزم) وەک سۆسیالیزم وکۆمونیزم) لەرزیان دەهاتێ و هەڵدەبەزینەوە، دەبێ ئاگاداری پتری لەسەر کوژرانی کاک صدیق

هەبێ و تا ئێستاش قەت نەیدرکاندوە. بێگومان رایگرتبوو تا دەبێتە سکرتێری حیزب جانەودەم شارەزایی خۆی بە چاوی ئەندامانذا بداتەوە.! چۆن بوو ماموستا ماوەی ٣٠ساڵ کوشتنی کاک صدیقی ئەنجیری ئاشکرا نەدەکرد و احمد توفیقی بە بەرپرسی کوژرانی ئەو تێکۆشەرە نەدەناساند ؟!

## هاتنی ماموستا مەلاعەولا لە خەتی( ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگی یەوە، )بۆ سەررێبازی دێموکراسی!

www.kerimhisami.com

ماموستا گەرانەوەی دوکتور قاسملوو هەروا بە رووداوی کوتوپر دادەنێ ودەنووسێ:« **لەو سەروبەندەدا دوکتور قاسملو لەئوروپا گەراپۆوە عیراق و لە بەغدا چاوی بەحەمەدەمینی سیراجی وکاک یوسفی ریزوانی کەوتبوو...»** (٢٠)

تۆ بلێی ماموستا لەوە بێ خەبەر بێ کە کاک حەمەدەمینی سیراجی هاتبوە ئورووپاو لەوێ قەرارمان دانا کە دۆکتور قاسملوو بگەرێتەوە بۆ عیراق و بچێ چاوی بە سەرۆک بارزانی بکەوێ. دوکتور کە ئەودەم ئیتر لە حیزبی توده دا نەمابوو ،لەبەر بێ پارەیی سەفەرەکەی وەدوا خستبوو. تا کاک حەمەدەمین بە تاریخی ٣/٥) ١٩٧٠ نامەیەکی بەپەلەی بۆ دوکتور ناردبوو، نووسیبووی: «.... بۆ ئاگاداری لە مەسەلەو دەربرینی راتان بەرامبەر بەمە هەروەها بەشداریتان لەم هەنگاوە و دارشتنی شکڵی پێوەندی و.... بە پێویستم زانی هەم تۆ وهەم کاک کەریم ئاگادار بکەم کە بەزوویی بێن.... لەمەر بێ پارەیی ئێوە بروا بکەنەگەر خۆم هیچم شک بردبا دریخیم نەدەکرد. هەر چۆنێک بێ بەشی ئەو سەفەرەی قەرزکە تاگەرانەوەت، بلێی دەستو پێمان نەکرێتەوە؟...»

دوکتور نامەکەی بۆ من ناردو بە تەلیفون گوتی:« تۆکەئێستا ناتوانی سەفەر بکەی، هێندێ پارەم بۆ بنێرە.» کەوابوو دوکتور بەراوێژی من وکاک حەمەدەمین و بە گوێرەی بریاری پێشوومان گەراوەتەوە عیراق.

ماموستا دێتە سەر باسی گەرانەوەی دوکتور قاسملوو وپێکهاتنی کۆنفرانسی سێیەم کە لە بەرگی سێیەمی بیرەوەریەکانمدا باسم کردوو ولە بەرگی دووەمی پێداچوونەوەشدا روونتر وبابەتیانەتر باسەکە روون دەکەمەوە و درێژە پێدانی لێرەدا بە پێویست نازانم.

بەڵام دەمەوێ جارێکی دیکەش لە باری زانستی یەوە ئەوە روون کەمەوە کە دیکتاتور هەمیشە لە مەرایی وزمانلووسی وپێهەڵا گوتنی دەوروبەریان لەخۆ بایی دەبن وساز دەکرێن. خۆ زانایی ولێهاتویی دوکتور قاسملوجێگای گومان ودردۆنگی نیە. بەڵام واش نیە کە وەک ماموستا لە لاپەرەی ٦٣ ی حیکایەتەکەیدا( نیو سەدە تێکۆشان) هەمو شت وهەموو ئوسول وتەنانەت شێوەی ژیانیش بە بەژنی دوکتور دەبرێ. دیارە سەبارەت بە ماموستا ئەوە راستیەکی تێدایە. ماموستا ئەودەم هەرچەندی خۆشی بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێراوی کۆنفرانسی دوو دادەنا و ئێستاش تێکیان دەخاتەوە تا پترلە چل ساڵ ئەندامەتی خۆی لە حیزبدا ساخ کاتەوە، بەڵام لە زیز بوون زیاتر هیچی دیکەی نەدەزانی. زیز دەبوو، دەروێ، دەتۆرا. لە سەرەتاوە دەکەوتینە تکاو رەجادەمانهێنایەوە. پاشان کە زیزبوونی لە تام بردە دەر، دوکتور قاسملو دەیگوت : « لێی گەرێن بۆخۆی دێتەوە» ماموستا هێمنی رەحمەتیش دووسێ نوکتەی خۆشی دەخستە سەرو ماموستا بایدەداوە و دەهاتەوە. زیزبوونی ماموستا پاش کۆنگرەی سێیەمیش نێوە نێوە هەر درێژەی هەبوو هەروەک ئیستیعفاکانی بە خەتی شەریفی لە بیرەوەریەکانمدا چاپکراون. ئاخرجاریش دوکتور قاسملوو لێی نوسیبووم :« لێی گەرێن بابڕوا. خۆ حیزبایەتی بە زۆر

www.kerimbisarani.com

ناکرێ » ( نامەی دوکتور قاسملوو ماوە)

ماموستا لە تویێی پێهەلا گوتنی دوکتور قاسملودا تووشی افرط وتفریطی مەلایانە دەبێ. دەنووسێ:« دوکتور قاسملو ئەرکی نووسینی بەرنامەو پێرەوی حیزبی وەئەستۆ گرت.» بەڵام لەبریارێکی کۆبوونەوەی ١٩٧١/٤/٤دا کە بە خەتی شەریفی ماموستا نووسراوەتەوە دەڵێ: « کومیسیونێک لە دوکتور وحەمەدەمین وکەریمی حسامی ومەلا عەولا( دیارە ناوی ساختەیان نوسراوە) بۆ لێکۆڵینەوەی پێشنیار وئامادەکردنی گەلاڵەی پەرەو پرۆگرام پێک بێ..»

ناکۆکی لەسەر گونجاندنی خودموختاری یا جمهوری لەبەرنامەی حیزبی دێموکرات دا کە ماموستا باسی ناکا، رادەگرم بۆ بەرگی دووەمی ( پێداچوونەوە )

ماموستا پێوەلکانی وشەی ( ئێران ) بە کوردستانی حیزبی دێموکراتەوە هەر بە سادە دەگرێ و نایەوێ باسی بکا کە لەکوێوە ناو دەخواتەوە. بەڵام دیسان لە لاپەرەی ٦٩دا، ئیعتراف بەو( ئیستیقلال وسەربەخۆییە) دەکا کە هەمیشە دەیلێن ودووپاتی دەکەنەوە و دەنووسێ:« لەبەر خاتری هێندێ لەتێکۆشەرانی رێکخراوە سیاسیەکانی ئێران ناوی حیزبیان کردوە بە (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) (٢١) بە لکاندنی ئێران بە کوردستانەکەوە، پێشکەوتنخوازی خۆیان پلەیەک زیاتر لە دامەزرێنەرانی ساڵی ١٩٤٥ی حیزب نیشانداوە. هەر بەدوای ئەودایە کە میداڵی ( لە هەموو ئێرانیەک ئێرانیتر)یان بە سینگیانەوە هەڵاوەسیوە ولە نووسین وناخافاتنەکانیاندا شانازی پێوە دەکەن.!

لەم بەشەی حیکایەتی کۆنفرانسی سێیەم داماموستا شتێکی هەڵاواردوە کە بۆ فێنکایی مێشکی خۆێنەران رەنگە ناخۆش نەبێ.

ماموستا دەبوایە ریزی ناوەکانی ئەندامی کومیتەی ناوەندی بەگوێرەی

دەنگ هێنانەوە بنووسێ. بەڵام لەبەر ڕێز لێنان ناوی دوکتورقاسملوی لە یێکەمدا نووسیوەو سەبارەت بەشکستە نەفسیش ناوی خۆی بردۆتە ئاخری ناوەکان. لە کاتێکا دەربەق بە کاک کەریم حەداد کە ٣١دەنگی بێدرابوو، ناهەقی کردوەو بردوویەتە ڕیزی نۆهەم. نازانم کاک کەریم لەسەر ئەو ناهەقیە وەدەنگ دێ یان چاو پۆشی لێدەکات.!

لەم بەشەدا خواهەڵناگرێ مەسەلەی احمد توفیق( عبدالله اسحاقی )بە جوانی روونکردۆتەوەو هیچی بەو کەسانە نەهێشتوە کە بوختانی لەبەین چوونی احمد توفیق بە حیزبی دێموکرات دەکەن. بەڵام لە باسی رووداوەکانی ٧٤و سەرەتای ٧٥ و چۆنیەتی و هەڵوێستی کومیتەی ناوەندی، جەنابی مەلا هەزارەیەکی عەجایبی کردوە و راستی چۆنیەتی رووداوەکانی شاردۆتەوە بە دابەشکردنی برادەران سەری مەسەلەکەی داخستوە و لە روونکردنەوەی واقیعی دوو مەسەلەی گرنگ خۆی بواردوە.

یێکەم لە چۆنیەتی رەوتی کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی سەبارەت بە هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لە کاتی سازبوونەوەی شەر لە کوردستانی عیراقدا. دووەم لەبارەی رۆیشتنی دوکتور قاسملو بۆ ئورووپا. بەناهەق ئەوەشی لێ زیادکردوە ودەنووسێ: « بریار درا کە دوکتور قاسملو بچێتە ئورووپا .»!!

روونکردنەوەی ئەم بەشەش لە حیکایەتی ماموستا پێویستە. دوای کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دێموکرات کە هەر ئەودەم هەست بە هەڵگیرسانەوەی شەر دەکرا، کومیتەی ناوەندی لە کۆبونەوەی خۆیدا دوای باسێکی زۆر بەزۆربەی دەنگ گەیشتە ئەو بریارە کە ئەگەر لەکوردستانی عیراق شەر هەڵگیرسێتەوە، کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، عیراق بەجێ بێڵێ وبچێتەوە کوردستانی ئێران وخەباتی خۆی لەوێ درێژە پێ بدات.کومیتەی ناوەندی هەر لەئێستاوە پێویستە هەنگاو بۆ ئامادە بوون

باوێژێ.» دەقی بڕیارەکە تەواو.

دوکتور قاسملوسوکەسەفەرێکی بۆ ئورووپاکردولەگەڕانەوەدا ١٩٧٤/٢/٢٧ پێشنیاری کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی کرد بۆ باس لە سەر« بارودۆخی هەڵگیرسانەوەی شەر لە کوردستانی عیراق ونەرکی ئێمە». من دژی پێشنیاری دوکتور بووم. گوتم کومیتەی ناوەندی بڕیاری خۆی داوە کە لەهەڵگیرسانەوەی شەردا، ئێمە بچینەوە کوردستانی ئێران و لەوێ خەبات بکەین. زۆربەی برادەران لەگەڵ کۆبوونەوەو لێکدانەوەی سەر لەنوێ موافیق بوون. ڕۆژی ١٩٧٤/٢/٢٨ کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی دەست پێکراو سێ ڕۆژی خایاند. من لە بەرگی چواری بیرەوەریەکانمدا بە درێژی ڕەوتی کۆبوونەوە ودەقی قسەو بۆچوونی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیم هێناوەتەوەو لێرەدا دوو پاتە کردنەوەی بە پێویست نازانم.

پاش سێ ڕۆژ شیکردنەوە تەنیا مەلا ڕەسوڵ وماموستا هێمن وکەریمی حسامی لە سەر ڕاپەراندنی بڕیاری پێشوو، واتە گەڕانەوە بۆ کوردستانی ئێران پێیان داگرت. باقی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی موافیقی هەڵوەشانەوەی بڕیاری پێشوو بوون و بڕیارەکە هەڵوەشایەوو بوو بە دابەشبوونی برادەران. ماموستا مەلا عەولا دەنووسێ :« کەریمی حسامی هەر دەی گوت ئەوەی پێناوێ، ڕاوەستن باشەر دەست پێ بکاتەوە بزانین کێ پشتیوانی کێ دەکات. ماموستا بەخەیال ئەوەشی لێ زیاد دەکاو دەفەرموێ: « مەبەستیشی ئەوە بووکە ولاتانی سوسیالیستی پشتیوانی هەرلایەک بن حیزبی ئێمەش لەگەڵ ئەو لایە دەبێ. ئەو ئەزەرە کە جورێک گوێ لەمستی بوو ڕەت کرایەوە.» (٢٢)

کارم بەوە نیە کە فەرمایشتی ماموستا ڕاست نیە، بەلام دەمەوێ ماناو مەفهومی( گوێ لەمستی) بۆ ماموستا ڕوون کەمەوە. گوێ لەمستی ئەوەیە کە حکومەتی بەعسی عیراق شاری هەڵەبجەی کوردستان بۆمبارانی کیمیایی

www.kerimhisami.com

دەکات وپتر لە پێنج هەزار کوردی بێ تاوان قڕدەکا، بەڵام ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەک هەر دەنگیان لەبەر نایەتە دەر، بەڵکوو سکرتێری حیزب بۆ پاکانەی جینایەتی ڕێژیی بەعسی، بۆمبارانی کیمیایی بەئەستوی ئێران دادێنێ. گوێ لەمستی ئەوەیە کە ١٨٠ هەزار کوردی بێتاوان ئەنفال وسەر بەنیست دەکرێ، بەڵام ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەیانەوێ لە ژێر سێبەری ئەو ڕێژیمەدا خودموختاری وەدەست بێنن.

ئەگەر ئەودەم من ئەوەم گوتبێ کە قەتعەن بەزارم دانەهاتوە،مەلاعەولاش بەخەیاڵ دەڵێ( مەبەستیشی ئەوە بوە)، بەڵام ئەودەم تەواوی هێزەدێموکرات وپێشکەوتنخوازەکانی جیهان لەوبەرەیە وەستا بوون کە ولاتانی سۆسیالیستی لایەنگریان بوون. بێدەنگی لە بومبارانی کیمایی هەڵەبجە بە هەر بیانوێک بێ پەڵەیەکی رەشە بەسەر شانی زمان بەستراوەکانەوە.

هەموو برادەرانی حیزبی وهەموو دۆست وناسیارو برادەرانی من دەزانن کە قەت بیروباوەری خۆم سەبارەت بە مارکسیزم وسۆسیالیزم و سەبارەت بە ولاتانی سۆسیالیستی، بە تایبەت یێکیێتی سۆڤیێتی پێشوو نەشاردۆتەوە. من کە یێکیێتی سۆڤیێتیم بە هۆی پێکهاتنی کۆماری کوردستان زانیوە، شان بەشانی پتر لە یەک میلیارد خەڵکی جیهان لایەنگریم لێکردوە. رەوتی جیهان وابوە. لەلایەک ئیمپریالیزمی شەر هەڵایسێنەر وداگیرکەر وچەوسێنەر، لەلایەکی دیکە بەرەی ئاشتی وسۆسیالیزم ولایەنگری ئازادی میللەتانی ژێردەست. لەم ناوەدا هێزەکانی کۆنە پەرست وپێشکەوتنخواز رێگای خۆیان هەڵبژاردوە، بەشانازیەوە دەڵێم من بۆ ئازادی میللەتەکەم لەم بەرەیەدابووم وهەمیشە دژی کۆنەپەرستی وچەوسانەوەو زوڵم وزۆری بە گوێرەی توانا لەنێو حیزب ولەدەرەوەشدا خەباتم کردوە. ئێستاش کە ولاتانی سۆسیالیستی پێشوو تووشی ئەم رۆژە بوون، خۆیان دەزانن وبا هەڵیگرنەوە. بەڵام بۆ ئاگاداری

مەلاعەولادادپەروەی کۆمەلایەتی ونازادی ودیموکراسیونەهێشتنی چەوسانەوەو رزگاری کوردستان نازادی زەحمەتکێشانی کورد لە چنگ زولم وزۆرداری خودی وبێگانە نارمان و ناواتمە . من دوکتور قاسملو نیم سەردەمێک شورەوی بە نولگوی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی بزانم ومارکسیزم بە رێگا نیشاندەری رزگاری داینێم و پاشانیش ١٨٠ دەرەجە بادەمەوە و یاوەک زۆر کەسی دیکە تف لە رابردووی خۆم بکەم. ماموستا مەلاعەولا فەسلی ١٣ی کوردستان وکورد ی دوکتور قاسملوی کردوە بەکوردی وخوێندوویەتەوە و خەتای منیش نیە کە مێشکی (تۆز لێ نیشتووی) وەری نەگرتوە. ماموستا دوو وتاری دوکتور قاسملوشی بەناوی( یادی شۆرشی مەزنی نوکتوبر )و (دامەزرانی یەکێتی سۆوێتی سۆسیالیستی نمونەیەکی نوێ لە پێوەندی نێو نەتەوەکان) کە لە ژمارە ٢١و٢٢ی رۆژنامەی کوردستانی ١٩٧٢دا چاپکراون خوێندوونەوە. داخوا نووسینی نەم وتارانە گوێ لەمستی نیە ؟ بەدوای نەودا کورتە باسیشی خوێندۆتەوە، نەوانە هەموو بۆ نیشاندانی کەسایەتیەکی خاوەن بیروباوە رەنگە بەس بن و پێویستیان بە پێهەلا گوتنی مەلاعەولانەبێ.

با بێینەوە سەر باسەکەمان. لەسەرەتاوە نەوەم روونکردەوە کە حیکایەت بەشی زۆریان نەفسانەو درۆن تێک دەخرێنەوە. برادەرانی بەشداری نەو کۆبوونەوەیە ماون ونووسینی کۆبوونەوەو قسەی برادەرانیش ماوە . بەلام دەمەوێ پرسیارێک لە عبداللە حسن زادە بکەم چۆن لەخۆی رادیوە کە بنووسێ« بریارمان دا دوکتور قاسملو بچێتە دەرێ » چۆن حاشا لەوە دەکا کە دوکتور قاسملووخۆی لە نامەیەکدا بۆمنی نووسیوە کەسامی عبدالرحمن لە قەولی کاک نیدریسی رەحمەتی پێی گوتوە دوکتور لەدەرەوەبێ باشترە. نەویش بەبێ بریار و ناگاداری کومیتەی ناوەندی بە بیانووی چاو پێکەوتنی هێزە دێموکراتەکانی نێرانی چۆتە نوروپا وپاشان لەوێوە نامەیەکی بۆ کومیتەی

ناوەندی نووسیوە کە لەبەر وەزعی ژنو منداڵی جاریّ لەئورووپا دەبیّ، پیّشنیاری کردوە کە کەریمی حسامی ببیّتە جیّگری سکرتیّر و ئیّوە ئیّوە خورماشی بۆ بنیّرن چونکە بیّ خورما لە ئورووپا ژیان دژوارە. ماموستا ئەوە بە گویّ لەمستی دانانیّ و هەر وەک مەسەلەکانی دیکە خۆ لە دەربرینی ئەم راستیە دەدزیّتەوە. پاشانیش ئەک هەر دەنگ بۆ جیّگری سکرتیّر دەدا کە پیّی وایە گویّ لەمستی ولاتانی سۆسیالیستیە و( دزی ٢٥ فلوسیشی )پیّوە دیوە!! بەڵکوو سرشتی دایمی خۆشی کە مەرایی وماستاو سارد کردنەوەیە بە ئیخلاس لەبەرانبەر جیّگری سکرتیّردا بەجیّ دەگەییّنیّ. شەرم دەکەم ئەو قسانەی عبداللە حسن زادە لە پیّ هەلاگوتنمدا دەیفەرموون وبرادەران هەموویان شاهیدن باسیان بکەم. مەلا عەولا دەڵیّ:« کاک کەریم لەبەرانبەر ماڵی دنیادا زەعیفە و دزی بیست وپیّنج فلوسی رۆژنامەم پیّوە دیوە.» من هەر ئەوەندە دەڵیّم داخوا ئەو قسەی عبداللە حسن زادە کە سکرتیّری حیزبی دیّموکراتە سوکایەتی نیە بە ریّبەرانی حیزب وپیّش هەموو کەس بە دوکتور قاسملو. ؟ ئەگەرمەلاعەولا راست دەکا ،چۆنە کومیتەی ناوەندی لەسەر پیّشنیاری دوکتور قاسملو بۆ جیّگری سکرتیّر دەنگم بۆدەداو سکرتیّری جیزبیش دووساڵان لەدەرەوە هەموو کاروباری حیزبی لەگەڵ من دیّنیّتە گۆریّ هەموو نامەکانی حیزبی، سیاسی وتەشکیلاتی هەر بۆ شەخسی من دەنوسیّ؟ بۆ ئاگاداری خویّنەرانی بەریّز دەبیّ بڵیّم ماوەی ٣ ساڵ کە دوکتور قاسملو لە ئورووپا بوەو کومیتەی ناوەندی لەعیراق بوە، تاقە دوو نامەی بەناوی کومیتەی ناوەندی نووسیوە، دەنا هەموو نامەکانی لەبارەی هەموو مەسەلەیەکی حیزبی بەناوی شەخسی من نووسیوە و زۆریش لەو نامانە لەبیرەوەریەکانمدا بلاو کەاونەوە. خۆ ئەگەر بڵیّین برادەرانی کومیتەی ناوەندی ئاگاداری دزی رۆژنامەی ٢٥ فلوسی ئەبوون وهەر مەلاعەولا ئاگادار بوە، ئەودەم ئیتر بیّ پرنسیپی و



www.kerimhisami.com

بودەڵەیی وهیچ وپوچی جەنابی عبداللە حسن زادە باشتر دەدەکەوێ کە بەبرادەرانی نەگوتوە وخۆشی لە خۆش خزمەتی و مەراییدا دەستی عەجەمانیشی لەپشتەوە بەستوە. لام وایە کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات بۆ پاراستنی پرستیژی حیزب زۆر پێویستەلەم تورەهاتانە بکۆڵێتەوە. بەراستی عبداللە حسن زادە هەر ئەوەندەی راستە کە دەڵێ:« لەوحەی مێشکم تۆزی لێ نیشتوەو ژەنگی هەڵێناوە.» دیارە کەسێکی بیرو مێشکی ژەنگی هەڵێنابێ، لە کوردستانی ئێران دەکرێتە سکرتێری حیزب وئەویش ورێنەکانی بە کومیسونی چاپەمەنی حیزبی دەنووسێ وبلاودەکاتەوە.

ئەم هەوڵ وتەقەلایەی مەلاعەولا بۆ دەربرینی داخ لە نووسینی بیرەوەریەکانم ودەرخستنی کاراکتێر وخەسڵەتی خۆی شتێکی تازە نیە. ماموستا ساڵی ۱۹۹۰ دوای بلاو بونەوەی وەلامی وتارەکەی ئەو لە رۆژنامەی سەردەمی نوێدا بەناوی ( دەردی نوو سەرانی رۆژنامەی کوردستان) خۆی هەڵکردبوو ئەم تورەهاتەی ئێستا کە ئێوسەدە تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی پێ شێواندوە بینووسێ. بەڵام دوکتور سەعیدی شەهید بەدمی داداهۆوەو گوتبووی کاری ئێمە پەلاماردان ودم بەدمەی بێ جێ و موخالیف داتاشین نیە. دوکتور سەعیدی رەحمەتی لە کۆنفرانسی کوردەکانی موسکۆ، مانگی سێپتامبری ۱۹۹۰ ئەم بەدم دادانەوەی مەلاعەولای بە برادەرێک گوتبو کەوا ئێستا زەق وزیندو وسلامەتە. من ئەو دەم لە وتاری ناوبراودا نوسیبووم:« نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان وادیارە پاش شەهید بوونی دوکتور قاسملو ویستوویانە خەبات تونلوتیژتر بکەن، بەڵام نەک دژی دوژمنانی گەلی کورد، بەڵکو دژی ( دۆستانی خاریجە نشین.)و دژی رۆژنامەی ( سەردەمی نوێ ) دیارە پاش دوکتور سەعیدی شەهید کاک مستەفاش ئەوەندەی زیپک و تێگەیشتنی سیاسی هەبوە کە ئەرکی رۆژنامەی کوردستان وچاپەمەنی حیزبی

www.kerimbisami.com

بڵاوکردنەوەی ورێنە ودرۆو تورەهات نیە. حیزبی دیموکرات پێویست بە دۆست ولایەنگر هەیە نەک موخالیف وبەرهەڵست. بەڵام لە گەڵ کاری خوای تەعالاهیچ ناکرێ. دوکتور قاسملوو دوکتور سەعید دەباتەوەو بە پاداشی ئەوهەموو عیبادەتەی ماموستا مەلاعەولا دەیکا وکردوویە ( بەتایبەت لە ئاشقوڵکە) دەیکاتە سکرتێری حیزبی دیموکرات و بە ئاواتی دەگەیێنێ کە هێندێ درۆی شاخدار ونەفامانە دژی کەریمی حسامی بەبۆنەی ٥٠ساڵەی کۆماری کوردستان بڵاو بکاتەوە کە بەقەدرایی قورئان خوێندنی مەلاعەولا لە سەر کۆماری کوردستان نووسیومە.

باسەکەمان درێژە پێدەدەین. ماموستا مەلا عەولالە لاپەرەی ١٠٥ی حیکایەتەکەیدا دەنووسێ :« کاک کەریم لەسەرەتای نووسینەکانیدا هەوڵێکی زۆری بۆ بەد ناو کردنی من ودوکتور قاسملو داوە.» ئەو فەرمایشتەی ماموستاعبداللە حسن زادە سۆفی قادری خەونانی خەڵکی کەسگەسک وەبیر دێنێتەوە. سۆفی قادر خەونی بۆ خەڵکی دەبینی. بە کابرای دەگوت: لەخەومدا لە خزمەت شێخ کەماڵیدا بۆ کوێ دەچووی، منیش لەگەڵتان بووم. بەکورتی خەونی بۆ هەر کەس دیبایە، خۆشی رەگەڵ دەخست. مەلا عەولاش دەیەوێ خۆی بە دوکتور قاسملووە هەڵپەسێرێ. بە قەولی زانایەکی کورد دەیگوت: عبداللە حسن زادە زەنگوڵەیە، لەملی خەڵکدا نەبێ دەنگی نایە.» جارێ با ئەوە بڵێم لەهەموو نووسینەکانمدا شتێکم نەنووسیوە بێ حورمەتی بە دوکتور ویا بەدناو کردنی بێ. من لەبواری فیکری وسیاسی دژی بیرو بۆچوونی دوکتورم نووسیوە و ئەوەش لە خەبات وتێکۆشانی سیاسیدا کارێکی رەوایە. من رەخنەم لەو کار وبۆچوونانەی دوکتور قاسملو گرتوە کە بە بۆچوونی خۆم پێم وابوە بۆ بزوتنەوەی کورد زیانیان هەیە. من مەلا عەولا نەبووم بۆ هەموو شتێکی دوکتور قاسملو لەملم بدەم وەمرایی بکەم. دیارە هەموو شتێکیشم

www.kerimhisami.com

نەنووسیوە. چاوەڕوانی بەرگی دووەمی پێداچوونەوەبە. من ئێستاش پێم وایە حیزبێکی بڕوای بە خۆ هەبێ دەبێ هەڵەو ناتەواویەکانی بە ڕاشکاوی لەگەڵ کۆمەلانی خەڵک بێنێتە گۆڕێ، نەک وەک ولاتانی سۆسیالیستی پێشوو پاش ٧٠ ساڵ لێیان لە هەرا بدرێ. یاوەک ڕێبەرانی حیزبی تودە کە ئێستاش دەڵێن: « سیاسبت حزب ما درمجموع صحیح بودەاست. » یا وەک نووسینی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات کە ئێستاش دەڵێن: « ٥٠ساڵە سەرکەوتنمان وەدەست هێناوە. » جاماموستا نابێ خۆ بە دوکتورەوە ببەستیەوە. ئەو لەهەموو ژیانی سیاسیدا هەر بەڵێی زانیوە. جارێک نەبێ کە دوکتور قاسملو لە نووسینی پرۆژەیەک بۆ شیمال بەشداری کردبوو، هەزار دیناریان داوێیە ولە لای حیسابداری حیزب باسی نەکردبوو. ماموستاش چوبووە لای کاک خسرو توفیق ونەوگوتبووی ئێستا وەزعیماڵیتان باشە، دوکتور تازە هەزار دیناری وەرگرتوە. ماموستاش چونکە مەسەلەی سیاسی نەبوو، باسی پارە بوو، وەک هەمیشە هەستی بەرچاو تەنگی وچاوچنۆکیی گوڵی کردبوو، لەدوکتوری لە هەراداومەسەلەکە بەوە کۆتایی هات کە ٣ مانگ مەعاش نەدرێ بەدوکتور.

بەلام لەبارەی خۆدی ماموستاوە! من مەبەستی تایبەتیم لە نووسینەکانم دا نەبوە. من لەسەرەتای نووسیندا گوتوومە: بە شێوەی « ژان ژاک ڕۆسۆ » سەربردەی ژیانی خۆم دەنووسم. هەر واشم کردوە. من هێندێ کار وخاسیەتی خۆم نووسیوە کە لەلای هێندێ خاوەن نەزەران بۆ ئێمڕۆی کۆمەڵی کوردەواری نووسینیان عەیبە. بۆ خۆشمی بە عەیب دەزانن. بەلام من لەگەڵ ئەو بیرورایە نیم. کۆمەڵی کوردەواریش وەک هەموو کۆمەڵی ئادەمیزاد پڕە لە دیاردەی چاک وخەراب. لەگەڵ ئەوە نیم بە درۆ ناوی خاوێن بە کۆمەڵی کوردەواری دابکەم و وەک ناسیونالیستێکی بەرچاو تەنگ هەموو شتی کوردەواریم پێ باش بێ.

یان وەک هێندێ کەس ئەو هەموو جینایەت وتاوانەی لەکوردستانی خواروو



www.kermhisami.com

دەکرێ ، دەبینی دەڵێن ئەوە خەسڵەتی کوردی نیە! لەکاتێکا هەموو مێژووی کورد تەماشا بکەی لە خەیانەت بەیەکتر وبراکوژی وپاڵدان بە دوژمنی ئەتەوەکەیانەوە هیچی تر نابینی.لەسەر ئەم بۆ چوونە ئەوەی لەژیانمدا لەگەڵی بووبم وبۆ نووسین پێم باش بووبێت نووسیومە. بەڵام بەراشکاوی وسەربەرزی دەڵێم، هیچ شتێکی بوختان ودرۆم نەنووسیوە. ئەوەی لەبیرەوەریەکانمدا باسی ماموستا مەلاعەولا کراوە بۆ بەدناو کردنی ئەو نە نووسراون، هەرچی لەبارەی ناوبراو نووسراوە، واقعیەتی کاراکتر وسیفەتی ماموستایە. لە کوردەواریدا کە باسی کەسێک دەکەن دەڵێن : « بەغەیبەتی نەبێ، بەسیفەتی بێ» باشتربوو ئەوانەی لەبارەی مەلاعەولاوە لە نووسراوەکانی مندا بەرچاوی کەوتوون وپێی وایە وانین، بەروونی ویەک یەک رەتیان بکاتەوە. نەک بێ بۆ تۆڵە کردنەوە هێندێ درۆیان هەڵبەستێ. بەروونی دیارە زۆر لەمێژە لەدەرفەت دەگەرێ گۆیا تۆڵە بکاتەوە،. بەڵام ئەوە رەوشتی مەلایانەیە. دەنا یادی کۆماری دێموکرات و ٥٠ ساڵ تێکۆشان بۆ دەبێ لەگەڵ هێندێ درۆو بوختانی ناشیانە بە کەریمی حسامی تێکەڵ بکرێ.

ماموستا ! هیچ پێویست ناکا من بۆ بەدناو کردنی تۆهەوڵ بدەم. تۆش هەر هەوڵێکی بۆ پاکانەی خۆت و وبوختان بە من بیدەی بێفایدەیە. لە کوردستان من هەر کەریمی حسامیم وهەر بەم ناوەش ناسراوم. تۆش لە نێو گەورکان هەر مەلا عەولای حەیباکی، یا حسن زادەشت لێ زیاد کردبێ. من ئیحترام بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان قەت نەمویستوە شتێک بنووسم کە دژی حیزب بێ وزیان بە پرستیژی حیزب بگەیێنێ. من ناتوانم فەراموشی بکەم هەرچی فێری بووم لەکۆری خەبات و لەمەکتەبی خەڵک ولەریزی حیزبی دێموکراتم وەر گرتوە. بەڵام ئەوە خەتای من نیە کە تۆ دەبی بە سکرتێر و رێگای نووسین و موناقەشەدەکەیەوە. ئەوە رەنگە بۆ تۆ شێوەی خەبات بێ.!! زۆر باشە،



www.kerimhisami.com

باسەکەمان درێژە پێ دەدەین.

ئەم جارە ئاخرین فەرمایشی عبداللە حسن زادە ئەوەیە کە من بردوومەتە کن دیپلۆماتێکی شورەوی هەتا لەسەفەر دێمەوە پێوەندی لەگەڵ ئەو هەبێ. ئەوەی پێ دیاردەیەکی جاسوسیە. ماموستا هیچ کە ناوی کابراشی بە غەڵەت نووسیوە، هاتوە هێندێ بەیت وبەاویشی پێوە ناوە و دەشنووسێ « ئەودەم چاکترم لەبیر بوە» ماموستا نەیزانیوە شتەکەی باش هەڵبەستێ . پێم وانیە هیچ دیپلۆماتێک ئەوەندە کەربێ ناوی جاسوسی خۆی ئاشکرا بکا وئەم تورەهاتەی ماموستا سازی کردوە باسی بکا. جا من کە مەسئولی عەلاقات بووم و مەلا عەولام پاشملەی خۆم ناساندبێ، ئەوە بەلای مەلاعەولاوەدەبێ جاسوسی بێ.!! با وابزانێ.!

لە حیزبی دێموکرات دا ئەو گەندکاری وچاو چنۆکی ورەوشتە گلاوە شتێکی تازە نیە. ئەوەتا احمد توفیق (عبداللە اسحاقی) کۆنگرەی دووەمی حیزب دەگرێ ، رەحمانی قاسملو بەجاسوس و بە دزیی حیزب دەناسێنێ ودەیخاتە سەنەدو بەڵگەی کۆنگرەی حیزبەوە. مەلا عەولای حەیباکیش( عبداللە حسن زادە ) کە ئەندامی حیزبی احمد توفیق و لایەنگری کۆنگرەی دووەم بوە، دەبێتە سکرتێری حیزب وکەریمی حیسامی بە جاسوسی تاوانبار دەکا. !

با فەرمایشاتی مەلاعەولا پتر شێ بکەینەوە. من بەرپرسی پێوەندیەکانی دەرەوە بووم و مەلاعەولام دانابوو لە گەڵ دیپلۆماتێکی شورەوی کە( بەخەیاڵ ناوێکی بۆ ساز کردوەو ناوی نازانێ) پێوەندی بگرێ. ئێستا کابرا چی بەمەلا عەولا گوتوەو مەلا چەند راست دەکا، خۆ من ئاگادار نیم. بەڵام خوێنەری وریا لەفەرمایشتەکانی ماموستا راست ودرۆی بۆ دەردەکەوێ. دوکتور کە لەسەفەر گەرابۆوە، مەلاعەولا هەروەک خەسڵەتی هەمیشەیی گورج خۆی گەیاند



www.kerimhisami.com

بۆەدوکتوروگوزاریش داىوو. دوکتور بەمنی گوت:« مەسەلەی مەلاعەولا چیە» ؟ گوتم پێم خۆشە بیّ لەکومیتەی ناوەندی باسی بکا. ئەودەم مەلاعەولا ئەندامی کومیتەی ناوەندی نەبوو. هەروەک لەجێی خۆی باسکراوە لە سەر پێنج دینار تەلاقی خواردبوو، نەیدەتوانی لە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا بەشداری بکا. بەڵام لە دەوری ژووری کۆبوونەوە، وەک ژانی کردبیّ دەهات ودەچوو. بانگیان کردە ژووریّ، هات گوزاریشەکەی دا، بەڵام نەک بەشێوەی ئێستا کە (خۆی بە بەردودار داداوە) ساغی بکاتەوە. کەتەواو بوو ئەکەس گوێی دایە ونەیەک برادەر باسی هیچی کرد. لەراستیدا مەلاعەولا ترۆ کرا. چونکە مەسەلەی جاسوسی هەروا سادەنیە. ئەگەر بەراستی مەلاعەولا ترۆ نەکرابایە، دەبوایە لەمەسەلە کە بکۆڵنەوە وسزای جاسوسی بۆ تاوانبار داىنێن. ئەگەر ئەم تورەهاتەی مەلاعەولا راست بایە و نرخی پوشکەیێکیان بۆ دانابایە، نەدەبوا تا کۆنگرەی چوارەم ئەندامی کومیتەی ناوەندی بام. نەدەبوایە ببم بە بەرپرسی تەشکیلاتی مەهابادگەورەترین تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات، نەدەبوایە بە سەرۆکایەتی دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات بۆ وتو وێژ لە گەڵ حکومەتی بەعس بچمە عیراق. نەدەبوایە تا ساڵی ١٩٨٤ لە رادیۆ وچاپەمەنی حیزبی دێموکرات دا، کارم کردبایە و زۆر مەئموریەتی ترکە مەلا پێیان نازانیّ.

داخوا ئەم تورەهاتەی ماموستا حسن زادە بە مانای سوکایەتی نیە بە کومیتەی ناوەندی و بە حیزبی دێموکرات و بەتایبەت بە سکرتێری ئەودەمی حیزب کە لەگەڵ جاسوس کاری کردوە؟

شاکارێکی دیکەی ماموستا گۆڕینەوی پارەیە لە بولغارستان. من لە بەرگی پێنجەم دا باسم کردوە وبە پێویست نازانم لێرە هیچی لیّ زیاد بکەم. ئەوە ندە بەسە بە قەولی دوکتور قاسملوی شەهید کە دەیگوت:« مەلایە چی



www.kermhisami.com

لێدەکەین » ؟

لەبواری چوونەوەی برادەران بۆ وڵات، مەلاعەولا لە بەر کینەوحقد ناتوانێ بنووسێ کە مەلا رەسوڵیش سەفەری وڵاتی کردو لەگەڵ زۆرکەسیش پێوەندی گرت وژوان ونیشانی دانا. بەڵام باسی چوونەوەی خۆی دەکاودەیەوێ وای نیشان بدا کە بۆ پێوەندی گرتنی کاری سیاسی چۆتەوە وڵات. خۆ لەم راستیە نادا کە وەک پێشمەرگەیەک رەگەڵ سەید رەسوڵی شەهید خراوە. کاتێ بەرێم دەکردن گوتم :« لەم سەفەرەدا ماموستا دمراست وبەرپرسە» مەلاعەولاگوتی : « من تەلاقم خواردوە لە حیزبی دێموکرات دا هیچ مەسئولیەتێک وەئەستۆ ناگرم. ئیستیعفام داوەو براوەتەوە. تەنیا وەک پێشمەرگەیەک لەگەڵ سەید رەسوڵ، نانی بۆ هەڵدەگرم، کێشکی لێ دەکێشم.» هەوڵێکی زۆرم لەگەڵدا سوێندی خواردبوو ، نەدەکرا تەلاقی بکەوێ. کاک حەمەدەمینی سیراجی گوتی: «خۆی پێوە ماندوو مەکە با بروا... لەوێ نۆرەی سەید رەسوڵ نادا.»

ماموستا مەلاعەولالەحیکایەتەکەیداکەشفێکی دیکەشی کردوەو دەنووسێ: « کاک کەریم باسی چوارهەزار دۆلارێک دەکا کە بەر پرسێکی عیراقی داویەتێ» بەڵام ئەوەندەی شەرافەتی قەڵەم نەپاراستوە کە ئەوەی من خۆم لە بەرگی پێنج دا نووسیومەو کاک حەمەدەمینی سێراجیم لە کن بو، ئەوە بنووسێ. من بیرەوەری وسەربردەی ژیانی خۆم نووسیوە و هیچم پاشقول نەداوە، ئەم شاردۆتەوە. ئێستا ئەو پرسیارە بۆ کۆمەلانی خەڵک لە ئارادایە کاتێ عبداللە حسن زادە( مەلا عەولای حەییاکی) چوو پێشنیاری حکومەتی بەعسی پەسند کردو هێنای بەو ٧مادانە چەندی وەرگرتوە. یان لانی کەم چەندی کۆمیسیون وەرگرتوە. ئەو پێشنیارانەی کە هەیئەتی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتی کەریمی حسامی وئەندامەتی کاک حەمەدەمین سیراجی وکاک فەتاحی کاویان وکاک فەتاحێکی دیکە رەتی



www.kerimhiseni.com

کردبوه. ( بروانە بەرگی شەشەمی لەبیرەوەریەکانم ۱۹۹۲. ل ۱۵۳ ) پاشان دوکتور قاسملو ماموستامەلاعەولای باوەڕ پێکراوی نارد، بۆ ئەوەی لەگەڵ کومیتەی ناوەندی راوێژ بکات. ئەویش هەموو پێشنیارەکانی بەعسی لە ۷ مادەدا قبوڵ کردو بۆ وێرانکردنی کوردستان وماڵ وێرانی خەڵک بەسەر کومیتەی ناوەندیان دابڕی. غەنی بلوریانی قوڕ بەسەر ناگری پەسند کردنی ئەو ۷ مادەیە گرتبووی کە بە شێوەیەکی ناشیانە وبە پەلە دژی ئەم وابەستەگی یەو چوونە ژێر بارەی بەعس دەستی پێکردو کەوتە ئەم زەلکاوە کە مەلا عەولا بەیت وباوی بۆ هەڵبەستێ وپێشەرمانە ناوی جاش بەسەر تێکۆشەرێکی ۲۷ساڵ زیندانی دیتو وشاعیری ناوداری کورد هێمن دابڕێ.

لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئەم باسە تاڵە بۆ دوایە رادەگرین. ئەوەندە روونکردنەوەیە بۆیە پێویست بوو، بەڵکوو مەلاعەولا ویژدانی نوستووی وەخەبەر بێ ویا مێشکی ژەنگ گرتووی بجوڵێ ودانی پێدابنێ کە بۆ قبوڵکردنی ئەو ۷ مادەیە کە غەنی بلوریان باسیان دەکا( بروانە لە بیرەوەریەکانم کەریمی حسامی، بەرگی ۹ ل. ۱۹٤ __۲٦۷ __۲٦۸ ) چەندی وەر گرتوە. ؟ مەلا عەولا ئەم تاوانە باس ناکات. بەلام لە وە نازایە کە بنووسێ :« **حیزبی ئێمە سەرکەوتنی وەدەست هێناوەو سیاسەتی راستی گرتوتە بەر و بۆ کۆنگرەو سەرەخۆشی سەدان پەیام وپیرۆز باییمان بۆدێت** » دەیان هەزار خاووخێزان ماڵ وێران ئاوارە بوون و ۵۰ هەزار کەسی بێگوناح کوژراو بۆ ماموستا مەلاعەولا سەرکەوتنە، بەو شەرتەی ئەو بگاتە پلەی سکرتێریی حیزبی دێموکرات.!!

ماموستا مەلاعەولالە گێرانەوەی حیکایەتەکەیدا، خوارەی دەکا، راست ناروا، شتەکان دەبوێرێ. مێژووی حیزب دەشێوێنێ. لە باسی گەرانەوەی کومیتەی زاگروس دا، کە بەقەولی خۆی بۆتە مەسئولی مەهاباد، نالێ:

www.kerimhisami.com

همەوڵێن هەنگاوی ناپیرۆزم ئەوەبوو کە لەگەڵ مەلا شێخ عیزالدین بەیاننامەی دژی ئینسانی ودژی گەلی ودژ بەکورد دەربکەم وداوا بکەم کە کوردە لێقەوماوەکانی ناوارەی کوردستانی خوارولە ئێران دەر بکرێن و بدرێنەوە بە عیراق. ئەو پەڵە رەشە نابینێ کەوا ئێستاش بەسەر شانی نووسەران وبڵاوکەرەوانی ئەم بەیاننامەیەدا دیارە.

مەسەلەیەکی ترکەمەلاعەولا راستی ناگێرێتەوە، مەسەلەی رێفراندۆمە کە دەنووسێ: «حیزبی دێموکرات وبەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان رێفراندۆمیان تەحریم کرد.» واتەهەنگاوێکی کە بوو بەردی بناغەی دوژمنایەتی لەگەڵ حکومەتی ناخوندی و بوو بە هۆی کوشتارو ماڵ وێرانی خەڵک، ناوا بەنووکی قەڵەمی مەلاعەولاپاکانەی بۆ دەکرێ. کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات بریاری دابوو کە لە رێفراندۆم دا بەشداری بکا. هەروەها داواشی لە مەلاشێخ عیزالدین کردبوو کە تالەسەفەری تاران دەگەرێتەوە چاوەروانی بکا. بەڵام راست رۆژی پێش سەفەری دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات بۆ تاران، جەنابی مەلا شێخ عیزالدین، بەو دەلیلەی کە هەر بۆخۆی دەیزانێ، بەیاننامەی تەحریی رێفراندۆمی بڵاو کردەوە.. ئەو بەیاننامەیە زیانی زۆری بە بەرهەمی سەفەری هەیئەتی حیزب گەیاند. کومیتەی ناوەندی بۆ لێکدانەوەی بەیاننامەی مەلا شێخ عیزالدین کۆنەبۆوە. تەنیا سێ ئەندامی دەفتەری سیاسی کە لەتاران بوون، رایانگەیاند کە لەرێفراندۆم دا بەشداری ناکەن. دەلیلیشیان ئەوە بوو کە لە کوردستان دوو بەرەکی پەیدا دەبێ. ئیتر ئەوان نەیاندەزانی کە جەنابی ماموستا شێخ عیزالدین بە ئانقەست بۆ ئاڵۆزی وەزع ئەوەی کردوە ویان پێیان کردوە، هەر وەک لە وتو وێژی دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لەگەڵ حکومەتدا کردی وتێکی دا.

لەتاران لە ماڵی کاک ئەحمەدی قاسملو کە باسی ڕێفراندۆم هاتە گۆڕێ من گوتم: « با حیزبی ئێمە نەکەوێتە ژێر تەئسیری بەیاننامەی مەلا شێخ عیزالدین، با لەڕێفراندۆم دا بەشداری بکەین وخەباتی خۆشمان درێژە پێ بدەین. غەنی بلوریان گوتی: لەگەڵ مامۆستا توشی دوو بەرەکی دەبین. من نامەیەکیشم بۆ دەفتەری سیاسی نووسی و زیان و بەر ژەوەندی بەشدار بوون وتەحریمی ڕێفراندۆمم ڕوونکردبۆوەودام بە کاک جەمەدەمینی سیراجی کە لەگەڵ غەنی بلوریان ودوکتور قاسملو باسی بکا. . ( بڕوانە لە بیرەوەریەکانم بەرگی شەشەم . )

مەلا عەولا غیرەتی ئەوەی نیەکە بڵێ سێ ئەندامی دەفتەری سیاسی بێ ئەوەی لەگەڵ کومیتەی ناوەندی ڕاوێژ بکەن و بڕیاری گشتی لەسەر بدرێ، کەوتنە ژێر تەئسیری بەیاننامەی مەلا شێخ عیزالدین لە ڕێفراندۆم دا بەشداریان نەکرد. پاشانیش ڕایانگەیاند :«کە بۆ زۆربەی دەنگی خەڵکی ئێرانی ڕێز دادەنێین.» نازانم بۆ ناکرێ بەرپرسەکانی حیزبی دێموکرات جارێک ڕووداوەکان بەراستی باس بکەن ؟!

مامۆستا مەلاعەولا بارگێن هەڵیگرتوە ونیتر بێ ئەوەی بیر لەڕاستی وچەوتی مەسەلەکان بکاتەوە، بەدڵخوازی خۆی دەیکوتێ. لەباسی شەری نەغەدەدا دەنووسێ :«حیزبی دێموکرات وای دانابوو کە مێتینگی شاری نەغەدە لە هی شارەکانی دیکە ڕێک وپێکتر بێ...» (٢٣) بەدبەختی ئەوەیە هەر هەڵەو گەندکاریەکی دەکرێ ناوی حیزبی لەسەر دادەنرێ. ئێستا دەکرێ لە ئاغای عبدالله حسن زادە بپرسین، کەی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات بڕیاری دالە نەغەدەیەکی پڕلە کێشەو دووبەرەکی مێتنگی چەکدار سازبکرێ؟ تۆ کە ئەودەم ئەندامی کومیتەی ناوەندی نەبووی چۆن ڕێگا بەخۆت دەدەی بە زمانی حیزبەوە هەڵەکان داپۆشی. ؟تۆ لە کوێ بووی کە ڕۆژی پێش سازکردنی



www.kerimhisami.com

میتینگ من وکاک حەمەدەمینی سیراجی باسەکەمان هێنا گۆڕێ وحەمەدەمین بە دوکتوری گوت لەم هەل ومەرجە ئاڵۆزەدا هیچ پێویست ناکا ئەم هەرایە لەنەغەدە سازبکەین. من روونم کردەوە کە دوو حەوتوو پێش کە من نەگەیشتبامە نەغەدە شەر ساز دەبوو. کۆمیتەی عەجەمان نامەی بۆ کومیتەی کوردان نوسیبوو کە میتینگی چەکدار لە نەغەدە و بەتایبەت لە گەرەکی عەجەمان سازمەکەن. زۆربەی ئەندامانی کومیتەی حیزبی نەغەدە کە بارودۆخەکەیان دەناسی دژی پێکهێنانی میتینگی چەکدارانە بوون. بەڵام دوکتور قاسملو لەوەلامی من وسیراجیدا گوتی : « بەرپرسی کومیتەی سندوس بڕیاری داوە و لەهەموو رێکخراوەکانی حیزبیان گێراوەتەوە تازە تێکی نادەین:» بەرپرسی کومیتەی سندوسیش کە دوکتور قاسملوو دایناوبوو، بێ ئەوەی رۆژێک خەباتی سیاسی کردبێ، تەنیا لەپاداشی خزمەتگوزاری شەخسیدا، کە ئەویش بۆ خزمەتگوزاری دەتگوت شاگردی حسن زادەیە، کرابوە بەر پرس .!( بروانە کەریمی حسامی . لە بیرەوەریەکانم بەرگی شەشەم )

ماموستا مەلاعەولا حیکایەتی شەری سێ مانگەو وبارودۆخی شار وگرتنەوەی مەهاباد لەرووی بەرگی شەشەمی بیرەوەریەکانی من دەگێرێتەوە . ئەگینا ئەودەم ئەو لە نێو گەورکان دەسوڕایەوە. بەڵام لەبەر دڵسافی مەلایانەو نیەت پاکی، نایەوێ رووداوەکان چۆن بوون ئاوایان باس بکات، ماموستا مەلاعەولاکە باوەر پێکراو ومحرم اسراری دوکتە قاسملو بوە، باسی ئەوەناکا کە دوکتورقاسملوو بەبێ ئاگاداری کومیتەی ناوەندی لەگەڵ بەروالەت(جبهه دمکراتیک ملی، دامەزراوەی چەند گروپ وشەخسیەتی بێکردەوەی فشەکەر) قەرار دادەنێ کە رۆژی ٢٧ی گەلاوێژ لەبەرانبەر مەجلیسی خیبرەگانی خومێنی دا، بە نیشانە ئیعتیراز لە مەهاباد لە ژێر ناوی (شورای خلقها)مەجلیسی مونسسان سمبولیک، پێک بێنن. دیارە خمینی ئەوەندەی جاسوس لەنێو ئەم

www.kerimhisami.com

ئەوەندەی جاسوس لەنێو ئەم (جبهه دێموکراتیکه)دا هەبوە کە ئاگاداری بکەن،بۆیە راست لەو رۆژەدا فەرمانی دا مەهاباد پەلامار بدرێ . مەلا باسی ئەوە ناکاو بە سەر رەو بە سەریاندا تێدەپەڕێ وخۆ دەگەیێنێتە کۆنگرەی چوارەمی حیزب. بەڵام بابزانین چۆنی دەگێڕێتەوە.؟

ماموستا دەنووسێ :«**بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکی پیرۆزی بەستنی کۆنگرەی چوارەم لەلایەن کومیتەی ناوەندییەوە هەر وەک هەمیشە باوە کومیتەی ئامادەکردنی کونگرە دانرا وجم وجۆڵ بۆ بەستنی کۆنفرانسەکانی حیزب دەست پێکرا.**» (٢٤)

دەکرێ لە ماموستا بپرسین تۆ کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی نەبووی، چۆن دەفەرمووی( **کومیتەی ئامادەکردنی کونگرە دانرا** ؟) ئەو کومیتەیە لەکێ ولەچەند کەسان پێک هاتبوو؟ تۆ کەی لەوێ بووی کە لە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی لە گوێگتەپە، لەماڵی موهەندیس ئاریا بۆ هەوەڵ جار و کوتو پردوکتور قاسملو گوتی:« کاک جەلیلی گادانی بۆ چاوەدێری بەسەر هەڵبژاردنی نوێنەران ( **لەراستیشدا بۆ هێنانیان**) سەفەری کردوە، هەموومان واقمان وڕ ما. چۆن؟ کۆنگرەی چی؟ بۆ لەکومیتەی ناوەندی دا باس نەکراوە؟ تینمان بۆ هێنا.هەروەک خۆت دەزانی بە شێوەی هەمیشەیی خۆی پینەی کرد بەم بیانوە کە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بلاون وکۆ ناکرێنەوە ونێستا دەرفەتێک هەیە باکۆنگرە ببەستین. مەلا رەسوڵ وکاک ئەمیری قازی وکاک حەمەدەمینی سێراجی دژی بەستنی کۆنگرە وێستان وباروودۆخیان بە مناسب نەدەزانی. من وغەنی بلوریانیش ( بەوەی قەیدێ ناکاو تازە رابردوە) کردەوەی غەیرە حیزبیانەی قاسملومان ماست ماڵی کرد. جا ئێستا مەلاعەولا کومیتەی ئامادەکردنیشی بۆسازدەکاو نەک هەر ئەوە بەڵکوو ئەودەم، واتە ساڵی ١٩٨٠ ئەندامانی حیزب دەگەیێنێتە شەست هەزار کەس. لەکاتێکا بۆ سەد کەس

نوێنەرێک دیاری کرابوو، واتە گۆیا ٣٠ هەزار ئەندامی حیزب هەبوو. هەر ئەوددم حەمەدەمینی سیراجی گوتی:« خۆزیا لە جیاتی ئەو ٣٠ هەزار کەسە ساز کراوە ٣٠٠ ئەندامی راستەقینەمان هەبایە. لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٧١ی ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـــ رێبەرایەتی شۆرشگێڕ دا نووسراوە کە ٣١٠ کەس بە نوێنەرایەتی پتر لە ٣٠ هەزار ئەندام بەشداری کۆنگرە بوون. دیارە کاک جەلیل کە ئەو خەڵکەی کۆکردبۆوە. باشتر دەزانێ ئەو ٣٠هەزار ئەندامە چۆن سازکرابوون. پاشان ماموستا باسی ئەوەش ناکا کە لەو ٣١٠ کەسە چەند کەسی وەهای تێدابوون کە نەک هەر نوێنەری ١٠٠ کەس نەبوون، بەڵکوو تارۆژی کۆنگرە هەر ئەندامی حیزبیش نەبوون. بۆ زۆری ئەژمار ومەبەستی ناپیرۆز راکێشرابوونە نێو سالۆنی کۆنگرە. من لێرەدا باسی کۆنگرەی چوار رادەگرم بۆ بەرگی دووەمی ( پێداچوونەوە). بەلام با ئەوەش بڵێم ماموستا مەلاعەولابە ناچار گەیوەتە ئەم قەناعەتە کە بنووسێ:« لەو کسانەی کەلەسایەی لابردنی مەرجی دووساڵەی رابردووی تێکۆشانی حیزبی دابوون بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی تەنیا یەک کەسیان بۆ حیزب خێری دایەوە.»(٢٥) بەلام ماموستا ناتوانێ پێ لەم راستیە بنێ و بنووسێ: ( ئەو کسانەی لەسایەی فرو فێڵی دوکتور قاسملو، نووسینی ناوی کاندیدەکان وبلاوکردنەوی لیستەکەیان راست لە کاتی هەڵبژاردندا بوون بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی خێریان بۆ حیزب نەدایەوە. ئەوەش گەلێک مەنتیقی یە کردەوەی فێڵبازی وساختەچیەتی قەت خێر ناداتەوە. هەرچەند مەلاعەولا تا کۆنگرەی هەشتەم هەر لەگەڵ ئەوکەسانەی کە دەڵێ خێریان نەداوەتەوە هاوکاری کردوە.

عبدالله حسن زادە حیکایەتەکەی بۆ دوای کۆنگرەی چوارەم درێژە پێدەداو دێتە سەر (گێچەڵی حیزبی تودە) وهەڵەی تاقمی حەوت کەسە. لەم بوارەدا

www.kerimhisami.com

سەبارەت بە چەوتی سیاسەتی حیزبی تودە لەبارەی حیزبی دێموکرات وهەڵەی تاقمی حەوت کەسە کەمیشی نووسیوە. بەڵام ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە هەموو برادەرانی کومیتەی ناوەندی ئەودەم وئەندامانی حیزبی هاوکاری ساڵەکانی ٧٠ ــ٧٨ دەزانن کە تا ساڵی ١٩٧٤ کە بووم بە جێگری سکرتێری کومیتەی ناوەندی، جەنابی ماستا مەلاعەولادەهۆڵی تودەیی بۆ من دەکوتا. دیارە بە دوای ئەوداکە بووم بو جێگری سکرترێری کومیتەی ناوەندی و لەجەنگەی فشاری بەعس وترسی وەدەرنان وتەحویل دانەوەدا، کە مەلا عەولا نامەی بۆ دەنووسیم (دەخیلەک بە قەبوڵکردنی تبعیەتیش بێ لەگەڵ بەعس رێک کەون، )منیش دەرنەپەریبووم بۆ ئورووپاو لەگەڵ برادەران مابوومەوە، ماموستا مەلاعەولا بە عادەتی دایمی خۆی، هەواکەی گۆڕی و ئەمجارە وای پێ هەڵا دەگوتم کە شەرم دەکەم باسی بکەم چونکە قەت لەو پێهەلاگوتنەی مەلاعەولا ناوەشێمەوە.. سەرنج ڕاکێشیەکە لەوەدایە ئێستا کە بەقەولی ماموستا( تودەییەکان قۆڵیان لە هەڵوەشاندنەوەی حیزبی دێموکرات هەڵماڵیبوو ) لەو هەراو بەزمەشدا لەمەهاباد من بەر پرسی تەشکیلاتی حیزب بووم، چۆنە ماموستا لێرەدا دەهۆڵەکەی بێدەنگ کردوە؟ ناڵێم خوا وەخێری گێرێ. چونکە دەبینن پاش ئەوەی لەسایەی رەشەکوژی حکومەتی کۆنەپەرستی ناخوندی و تێکەیشتوویی ئەندامانی حیزب، بۆتە سکرتێری گشتێ، ( بۆ توند کردنی خەبات وبەرە پێدانی تێکۆشانی حیزب ) دەهۆڵەکەی بەهارێکی دیکەدا دەکوتێ.

با هەر لەجەغزی گێچەڵی حیزبی تودەو هەڵە ونەزانی تاقمی حەوت کەسە دوو مەسەلەی دیکەش روون کەمەوە کە ماموستا ڕاستی باس نەکردوون. مەلاعەولا دەنووسێ:« چەند ڕۆژ دواتر تاقمی حەوت کەسە دایان نابوو یەکێک قسە بۆ خەڵک بکا. بەڵام کە ویستبووی باسی دوکتور قاسملو بکا



www.kerimhisami.com

ئاپورەی خەڵک لێی وەدەنگ هاتبوون وقسەیان پێ گوتبوو ،سەرەنجامیش مەیدانەکەیان چۆل کرد بوو .» (٢٦) دیارە ماموستا لێرەشدا بە لای راستی رووداوەکەدا نەچوە. چونکە لەوێ نەبوەو لەخۆوە سازی کردوە. راستی ئەوەیە خەڵک کۆببوونەوە تا بزانن کابرا دەڵێ چی وچی پێیە. ئەگەر لێگەڕاباین کابرا قسە بکات، خەڵک تێدەگەیشتن کە تاقمی حەوت کەسە چی یان دەوێ. خۆ لەو رۆژەدا ئەگەر کەلامی خوداش بۆ پشتگیری لە حکومەتی ئاخوندی هاتبا خوارێ، کەس بەهەندی نەدەگرت. بەڵام ئەو دێموکراسی یەی کە قاسملو هەمیشە دەیگوت وخۆی پێ رادەنا، توانای بیستنی وتاری موخالیفەکانی نەبوو. هەر بۆیەش لات وسەرسەریەکانی وەک ئەبو عیمادی و قالە سور وکێوکێ، بەناوی پێشمەرگە وپاسەوانی تایبەتی دەفتەری سیاسی کابرای برینداری شەری سنەیان پەلاماردا و هێنایانەخوارێ وبلاوەیان بە خەڵک کرد. هەر ئەو لات وسەر سەریانەش بەناوی پێشمەرگە کتێبخانەی حیزبی تودەیان ئاگر تێ بەردا کە پەڵەیەکی دزێوە بەداوێنی سیاسەتی ئەوسای حیزبی دێموکرات وهەموو ئەو سازمان وکەسانەی دەستیان لەو کارە چەپەڵەدا هەبوو. من هەر ئەودەم نامەیەکی رەخنەم بۆدەفتەری سیاسی نووسی. دوکتور قاسملو لەوەڵامدا بۆی نوسیبووم: ( **ئێمە ئەوکارە مەحکوم دەکەین. وەک ئێمە زانیومانە کۆمەڵە ئەو کارەی کردوە، رەنگە پێشمەرگەی ئێمەش لەوێ بووبن»** ماموستا مەلاعەولابۆ گێرانەوەی حیکایەت بۆ خەڵکێکی بێ ئاگا دەرفەتی هێناوە وئەمجارە هاتۆتە سەر باسی رادیۆ. بەڵام نازانم ماموستا کە ئەودەم ئەندامی رێبەری نەبوە، چۆن ئیجازە بەخۆی دەدا شتێکی ئاگای لێ نەبێ رەتی کاتەوە. لانی کەم خۆ ئەوەندەی لەبیرە کە لەشەری سێ مانگەدا هەموو ئەندامانی رێبەرایەتی بەقەولی کاک عومەری قازی ( **شجاعانی فراری**) ناوچەیان بەجێ هێشتبوو ، لەئاشی پشتکاوێ لەولاترلەبنکەی سۆسیالیستەکانی عیراق بە

www.kermnisami.com

دیوی خاکی کوردستانی عیراقدا گیرسابوونەوە. جا (ڕێبەری) ئاگای چی لەپەیدا کردنی رادیۆ هەبوە. ئەوانەی لە ساز کردنی رادیۆدا زەحمەتیان کێشاوە زیندوون وماون بۆیەش لە بیرەوەریەکانمدا ناویان نەنووسراوە، چونکە لەئێراندا ماونەوە وناویان پارێزراوە. ماموستا پێی وایە سکرتێر دەبێ دم لەهەموو شتێک بدا، باناگاشی لێ نەبێ.

چۆنیەتی شەهید کردنی سەرگورد عەبباسی لە بەرگی حەوتەمی بیرەوەریەکانمدا بەدرێژی نووسراوە. ماموستاش هەر لەوێداخوێندوویەتەوە. دەنا نە ئاگای لێ بوە ونە کەسیش پێش من ودوایەش لەسەر شەهیدکردنی سەرگورد عەبباسی نوسیویەتی. ماموستا نەک هەر ئامازەی بۆ سەرچاوەکە نەکردوە، لەراستیش لایداوە. یێکەم لە کاتی دەستریژ لە سەرگوردی شەهید ومەحمودی سالحی وسەروان ئەحمەدی چەلەبی یەک پێشمەرگەش لەوێ نەبوە. پاسداریش پێشمەرگە نەیکوشتوە. لە پیاوکوژەکان یەکیان خۆی لەپەنجەرە فرێداوەتە خوارێ وخەلک کوشتوویانە یەکیشیان نارنجۆکی دودی فرێدەدا و خۆ دەگەیێنێتەوە نێو پاسداران. هیچ کەسیش لە پێش مندا نەگەیشتە شێروخورشید کە سەرگورد لەژێر عەمەلیات دابوو. (بڕوانە کەریمی حسامی . لەبیرەوەریەکانم، بەرگی حەوتەم)

دووەم هەر ئەو شەوە بە هۆی سەروان جاویدی شەهیدەوە نامەیەکم بۆ دەفتەری سیاسی نووسێ وداوام لە ڕێبەرایەتی کرد کە بۆ بەشداری لە رێ وشوێنی ناشتنی سەرگورد عەبباسی ئەندامی کومیتەی ناوەندی، یەکێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی، یا کومیتەی ناوەندی بێنە مەهاباد. ئەودەم ماموستا مەلاعەولاش کەولی ڕێبەرایەتی دەبەردابوو. بەلام هیچ کەس لەوانەی کە ئێستا شانازی بە سەرگورد عەبباسی شەهید دەکەن، غیرەتی ئەوەیان نەبوو بێنە مەهاباد وناخرین مالاوایی لەو ئینسانە، لەو



www.kermnisami.com

نیشتمانپەروەرە، لەوئەندامەی کومیتە ناوەندیە بکەن. بەلام ماموستا مەلا شێخ عیزالدین نوێنەری خۆی نارد ووتارێکی بەنرخی خوێندەوە. جا ئێستا مەلاعەولا دەیەوێ بە درۆ فرمێسکی بۆ هەلوەرێنێ.!!

ئاغای عبداللەحسن زادە مەسەلەی شورای نیشتمانی بەرگری وهاوکاری موجاهیدین هەر وەک حیکایەت دەگێرێتەوە بە بێ شیکردنەوەو لێکدانەوەی قازانج وزیانی ئەو بەشداری وهاوکاری یە. من لەبەر ئەوەی لە بەرگی دووەمی ( پێداچوونەوە )دا ئەم مەسەلەیە بە وردی شیدەکەمەوە، لێرەدا لەسەر رۆیشتنی بەپێویست نازانم.

ماموستا مەلاعەولا باسی (شەرێکی نەخوازراو) دەکا ودەنووسێ:« یەکێک لە تالترین رووداوەکانی ئەو دەورەیە لە ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو شەرە دزێو ونەخوازراوە بووکە لە نێوان حیزبی ئێمەو پارتی دێموکراتی کوردستانی ـــ عیراق دا کە ئەودەم بە«قیادە موقت » دەناسرا، روی دا »

جارێ دەبێ بێژین ئەوە رووداو نەبوو، کارەساتێکی دلتەزین بوو بۆ گەلی کورد. دەمەوێ ئەو فەرمایشتەی ماموستاش راست کەمەوە ئەودەم کۆنگرەی نۆهەمی پارتی گێرابوو، قیادەی موەقەتیش نەمابوو، تەنیا ماموستا بوو وتارە بێ جێیەکانی بە ناوی ( خەیانەتەکانی قیادەی موەقەتە» دەنووسی. کاتێ من لە ئورووپا گەرامەوە بە دوکتور قاسملوم گوت با ئەو شەتەحاتەی مەلاعەولا دەینووسێ بلاو نەبێتەوە. پێشنیارم کرد کە دوکتور بچێتە رلژانەو سیلوانە. بەم کارە نەک هەر لە رێزی دوکتور کەم نابێتەوە، بەلکوو ناو بەناگرێک دادەکرێ کە خەریکە گر بگرێ وخەلکێکی زۆری تێدا بسوتێ. تەنانەت مەسەلەی لینین - م بۆ هێناوە کاتێکی بالیۆزی ئەلمان لە روسیا کوژرابوو، ئەلمان دەستی کرد بەهەرەشەو خۆی بۆ شەر دژی دەولەتی ساوای سۆڤیێتی ئامادە دەکرد.

www.kerimhisami.com

لینین سەرەرای رەخنەی دەوروبەری کە دەیانگوت کەسری شانەو نابێ بچیە باڵیۆزخانەی ئەڵمان گوێی نەدانێ. گوتی ئەگەر بەچوونی من بۆ باڵیۆزخانەی ئەڵمان ئەم ئاگرە بکوژێتەوە، من دەچم . بەڵام دوکتور قاسملو لە وەڵامی مندا گوتی: « **لە هەورامانەوە پێشمەرگە دەنگ دەدەم و هەر لەئێرانیان دەر دەکەم.** »
ماموستا ودەوروبەری چەندەیان تەئسیر لە خۆشکردن و پاکزکردنەوەی ئەم ئاگرە و ئەم کارەساتە دڵتەزێنەدا هەبوە، خۆی دەزانێ و بەڵام باسیشی ناکا.
لە کۆتاییدا با ئەو فتوایەی ماموستا مەلاعەولاش ئەخەمە پشت گوێ کە دەنووسێ: « **بیرەوەیەکانی کەریمی حسامی بە هیچ جور سەر چاوەیەکی جێگای متمانە نین....** »
مەلا عەولا وادەزانێ مزگەوتی گەورکانە بە چەند تمەنێک فتوای تەلاق کەوتن ویانەکەوتنی کابرایەک بدا. لەجیاتی ئەو فتوایە دەبوایە بۆ روونکردنەوەی ئەنداشە .... ب شوێنە ناراستیەکانی ٨ بەرگی بیرەوەریەکانم دەست نیشان بکا. ئەوە نیە لەو کاتەوە بۆتە سکرتێری حیزبی دێموکرات ئەرکی ناپیرۆزی بوختان وتۆمەت ساز کردنی کەریمی حسامی گرتۆتە ئەستۆ.
من ٩بەرگی بیرەوەری نیزیکەی ٣هەزار لاپەرەم نووسیوە، رەنگە کەم وکوری وناتەواویان زۆر بێ، بەڵام بە قەناعەتەوە دەڵێم ناراستیان تێدا نیە. مەلاعەولاکە دەڵێ هەشت بەرگم خوێندوونەوە، کە من برواناکەم مەلاعەولاپتوانێ چاوی بە نووسینی ئاوادا هەڵبێنێ،چ لەو سەدان روناکبیرو نووسەرو تێکۆشەرانە دەکا کە بەدوای بیرەوەریاکانمدا دەگرێن وبە ئاواتن وددەستیان بکەوێ.؟ چ لەو روناکبیرانە دەکا کە رۆژ نیە لەکوردستانەوە بە نامە داوای بیرەوەریەکانم نەکەن.؟ تۆ بڵێی مەلاعەولا ئەگەر راست بکا ٨ بەرگی بیرەوەریەکانی منی خوێندبنەوە، چاوی بەو نووسراوانە نەکەوتبێ کە لەسەر بیرەوەریەکانم نووسراودن؟ ردنگە چاوی بەو نووسراوانە هەڵنەهاتبێ.

قەی ناکا. ئێستا ئەوە چەند دێری لەنامەی مامۆستایەک بۆ دەنووسمەوە کە لەو مەلاترە. لەو مسولمان ترە. لەو نیشتمانپەروەرترە، لەویش راست وپاک ترە. ئەو زاتەش حاجی مەلا محەممەدی شەلماشی برای مەلا ئاوارەی شەهیدە کە بۆم دەنووسێ :« بۆ زۆر بەرێز وخۆشەویست کاک کەریمی حسامی .... کاکە سەبارەت بە بیرەوەریەکانت بەراستی نازانم لە کوێ وە دەست پێ بکەم، وەی ئافەرین بۆ ئەو بیرە تیژانەت کە ئەو هەموو گەوهەرە جوانانەیان لە دەریای خەیاڵی خۆیاندا حەشار داوەو لە کاتی پێ ویست دا یەک بەیەکیان لەناو سەدەفی زینەت دا هێناوەتە سەرلاپەرەکانی دنیای ئەدەبیاتی کوردی ورێبازێکی تازەت نیشانی گەلی کورد دا وئومێدەوارم ببێ بەسەرچاوەی چاو لێ کەری بۆ رۆژانی داهاتووی نووسەران....»

بۆ وەلامی فتوای ئاغای عبدالله حسن زادە رەنگە جارێ ئەوەندە بەس بێ. من بە خۆ هەڵکێشان ناڵێم، بەلام مەلاش نیم خۆم بە ( حقیر والاحقر) دابنێم. بەشانازیەوە دەڵێم رچەیەکم شکاندوە کە تا ئێستا لە کوردستانی رۆژهەلات کەس پێیدا نەرۆیشتوە. رێبازێکم لەم بوارەدا نیشانداوە کە ئەوانەی قەت دوودێریشیان نەنووسیبوو، ئێستا دەڵێن:« بیرەوەریەکانمان دەنووسین.» ئەوە هەنگاوێکی گەلێک پیرۆزە بەو شەرتەی نەبنە مەلاعەولای حەییاکی درۆیان بکەن وبوختان بۆ خەلکی هەڵبەستن، مێژووی میللەتان هەر ئاوا کۆکراوەتەوە. بێگومان بیرەوەریەکانی من دەبنە کەرستەیەکی خاو بۆ کەلک وەرگرتنی نۆۆسەرانی دەست ودڵپاک لەنووسینی مێژووی کورد لەکوردستانی رۆژ هەلاتدا.

عبدالله حسن زادە ئەوەندەی دیکەش خۆ لەداروبەردی بدا و جارێکی دیکەش ببێتەوە سکرتێری حیزبی دێموکرات، ناتوانێ ئەخشی نووسینەکانی من لە مێژووی خەبات وئەدەبیاتی کوردی دا بسرێتەوە.

**پەراوێزەکان :**


١ ــ سعید نفیسی ، تاریخ اجتماعی وسیاسی ایران. تهران ١٣٣٥. ل د

٢ ــ عبدالرحمن قاسملو. چل ساڵ خەبات لەپێناو ئازادی دا. ١٩٨٥ ل ٧

٣ ــ هەمان سەرچاوە ل ٢٦

٤ ــ پێڕەو وپرۆگرامی پەسندکراوی کۆنگرەی دووەمی حیزبی دێموکرات ١٩٦٤

٥ ــ مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان . پێداچوونەوە، کەریمی حسامی ل١٧٩

٦ ــ عبدالرحمن قاسملو ، چل ساڵ خەبات ل ٢٤

٧ ــ هەمان سەرچاوە . ل ٣٢


www.kenimhisami.com

٨ ــ کەریمی حسامی ، پێداچوونەوە ل ١٦٤
٩ ــ عبدالرحمن قاسملو ، هەمان سەرچاوە ، ٤٣
١٠ ــ هەمان سەر چاوە ، ل ٤٥
١١ ــ م.ر.هاوار شێخ محمودی قارەمان، بەرگی دووەم ، ١٩٩١ ل ٥٠٠
١٢ ــ عبدالرحمن قاسملو ، هەمان سەر چاوە ل ٣٩
١٣ ــ محمود مەلا عزت، بەڵگەو دوکومێنتەکان ، ١٩٩٢
١٤ ــ عبدالرحمن قاسملو ، هەمان سەر چاوە ، ل ٤٦
١٥ ــ عبدالله حسن زادە ، نیو سەدە تێکۆشان ١٩٩٥ ، ل ٧
١٦ ــ هەمان سەر چاوە ، ل ٢٨
١٧ ــ پاشکۆی تێکۆشەر ژمارە ٢٧ بڵاو کەرەوەی کومیسیۆنی سیاسی ــ نیزامی حیزبی دیموکرات
١٨ ــ عبدالله حسن زادە هەمان جێگا ،ل ٢٩
١٩ ــ هەمان جێگا ، ل ٣٩
٢٠ ــ هەمان جێگا ، ل ٦٠
٢١ ــ هەمان جێگا ، ل ٦٩
٢٢ ــ هەمان جێگا ، ل ٩٠
٢٣ ــ هەمان جێگا ل ١٤٨
٢٤ ــ هەمان جێگا ، ل ٢٠٥
٢٥ ــ هەمان جێگا ، ل، ٢١٠
٢٦ ــ هەمان جێگا ، ل ٢٤١

بەرهەمە نووسراوەکانی نووسەر :

١ ــ کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران

www.kerimhisami.com

٢ ــ وەلامێک کوردی وفارسی

٣ ــ ڕێنوێنی شەڕی پارتیزانی

٤ ــ لەدەوری لاوانی ڕێکخراوی حیزبی دێموکرات کۆبینەوە

٥ ــ ڕەخنەو لێکۆڵینەوە لەسەر کتێبی حوسێنی مەدەنی

٦ ــ چەند قسەیەک لەگەڵ خەبات

٧ ــ کوردو فەرهەنگی بێگانە

٨ ــ لێکۆڵینەوەی (کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم) کوردی وفارسی

٩ ــ تایبەتی کۆنگرەی شەشەم

١٠ ــ کۆماری دێموکراتی کوردستان یا خود موختاری

١١ ــ یادی هێمن

١٢ ــ لە پێناو چی دا ؟

١٣ ــ بادانەوە

١٤ ــ کڕ و کاش

١٥ ــ سەفەر بۆ کوردستان

١٦ ــ لە بیرەوەریەکانم بەرگی : ١-٢-٣-٤-٥-٦-٧-٨-٩

١٧ ــ پێدا چوونەوە(مێژووی بزووتنەوەی نیشتمانی لە کوردستانی ئێران)

١٨ ــ حیکایەت کردن یا نووسینی مێژوو

ئەو بەرهەمانەی نووسەر کردوونی بە کوردی :

١ ــ دایک ــ ماکسیم گۆرکی

٢ ــ ژیان وکردەوەکانی لینین

٣ ــ ئەفسانە کوردیەکان ــ ڕۆدینکۆ

٤ ــ زەوی پچوک ــ برێژنێڤ

٥ ــ کۆمەڵە چیرۆکی هەڵبژاردە لە ئەدەبی بێگانە

٦ ــ مەسەلەی کورد لە پارلمانی سوید

www.kerimhisami.com

٧ ـــ یاسای بنچینەیی ئابوری سۆسیالیستی

٨ ـــ حەمە چکۆڵ ؟ ئینجە مەمەدی یاشار کەماڵ

٩ ـــ ئوسولی سەرەتاییەکانی فەلسەفە ـــ ژۆرژ پۆلستر

١٠ ـــ نامەی گوللە بارانکراوەکان

١١ ـــ رەوشی کوردان ؟ میژووی ئەردەلان وبابان

١٢ ـــ ئازادی یا مەرگ ـــ کازانتزاکیس

١٣ ـــ مەسەلەو زارگۆتنی لوڕی

١٤ ـــ رۆژەکانی ئێران. ئارچیبالد رۆزڤێلت

www.kermahisami.com